# دەنگدانەوەی کۆڕەوی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان
# لە ئاستی ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی دەرەوەدا

م.ی. رزگار عبدالکريم محمد*　　　　پ.ی.د. ماجد خەلیل فەتاح**

وشە کلیلییەکان: کۆڕەوی ١٩٩١، هەرێمی کوردستان، عێراق، ڕاگەیاندن، بڕیارە نێونەتەوەییەکان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10072

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی کاردانەوەکانی کۆڕەوی ١٩٩١ باشوری کوردستانی لەسەر ئاستی ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی دەرەوەی عێراق، لەم میانەدا هەم کاردانەوەکان کە بریتین لە نواندنی هەڵوێستی رەوەندی کوردی لە دەرەوە هەم نواندنی هەڵویستی وڵاتانی عەرەبی و هاوکات وەك دەرهاویشتەیەك رەنگدانەوەی کۆڕە و لەسەر ڕاگەیاندن و میدیا جیهانییەکان و بڕیارە نێونەتەوەییەکان خراوەتەڕوو. توێژینەوەیەکی لەم جۆرە خستنەڕووی بایەخ و گرنگی رووداوەکەیە کە پەیوەستە بە چارەنوسی دۆزی رەوای نەتەوەی کوردەوە لە مێژووی هاوچەرخدا، لەم توێژینەوەیەدا گرنگترین سەرچاوەیەك ئاماژەی بۆکرابێت بریتییە لە شیکاری گەواهیدەر و کەسانێکی سیاسی و رۆشنبیر و ئەکادیمی کە لەناو رووداوەکاندا بوون، کۆی گشتی سەرنجی ئەوان شرۆڤەی وردی بۆ کراوە و بە میتۆدیکی مێژوویی شیکاری کاردانەوەکان کراوە. پێمان وایە یەکەمین توێژینەوەیە کە بە بایەخیکی زانستییەوە لەسەر دەنگۆی رووداوی کۆڕەو لەسەر ئاستە جیاوازە فەڕمی و نافەڕمییەکانی دەرەوە وەستاوە.

* بەشی مێژوو/ کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سیدصادق/ زانکۆی سلێمانی
rzgar.mohammed@univsul.edu.iq

** بەشی فەلسەفە وتوێژینەوە کلتورییەکان/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی
majid.fatah@univsul.edu.iq

**ملخص**

**انعكاسات الهجرة الجماعية لجنوب كوردستان في ١٩٩١**

**على مستوى المؤسسات الرسمية وغير الرسمية الخارجية**

تعرض هذه الدراسة ردود الفعل على انتفاضة ١٩٩١ في إقليم كردستان العراق على المستويين الرسمي وغير الرسمي، من ضمنها موقف الجالية الكردية في الخارج وموقف الدول العربية، وكذالك انعكاس الهجرة الجماعية على الإعلام الدولي والقرارات الدولية. تسلط الدراسة الحالية الضوء على أهمية الحدث المرتبط بمصير القضية المشروعة للأمة الكردية في التاريخ المعاصر. أهم مصدر ورد في هذه الدراسة هو تحليل اقوال الشهود والشخصيات السياسية والفكرية والأكاديمية التي شاركت في الأحداث. نعتقد أن الدراسة الحالية اولى من نوعها حيث تركز على ردود افعال حدث الهجرة الجماعية على مختلف المستويات الرسمية وغير الرسمية في الخارج.

**Abstract**

**Reflection of the 1991** Mass Exodus **in South Kurdistan**

**on the Level of Formal and Informal foreign Institutions**

Reaction of the 1991 exodus at the level of official and informal institutes in outside the Iraqi Kurdistan Region ،this study presents the reactions to the 1991 uprising in the Iraqi Kurdistan Region at the formal and informal levels. The reactions of the Kurdish Diaspora abroad and the Arab countries, as well as the reflection of the mass exodus on the international media and international decisions has been demonstrated. Such a study highlights the importance of the event that is related to the fate of the legitimate cause of the Kurdish nation in contemporary history. The most important source mentioned in this study is the analysis of witnesses, politicians, intellectuals and academic figures who were involved in the events. We believe that this is the first study with a scientific significance that focuses on the rumors of the exodus event at various official and informal levels abroad.

# پێشەکی

کۆڕەوی باشووری کوردستانی ١٩٩١ ڕووداوێکی مێژوویی هاوچەرخی کوردستانە، کۆڕەوی سەدان هەزار خەڵك و هەڵهاتنیان لەبەرامبەر هێرش و هەڕەشەکانی حکومەتی عێراقی، رایەکی گشتی بوو بۆ بەئاگاهاتنەوەی بابەتی کورد لەنیو کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا. لەم ڕووداوەدا خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە دەرهەق بە چارەنوسی خەڵکی کوردستان و هاوکێشە هەرێمی و نێونەتەوەییەکانی پرسی کورد هاتە پێشەوە. بە لە پێشچاوگرتنی هەوڵ و هەڵویستی میدیا و راگەیاندنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و بڕیارە سیاسییەکانی پەیوەست بەو پرسە، کاریگەرییەکان لەسەر ئەکتیڤبوونی دەرهاویشتە ئەرێنییەکانی ڕووداوەکە زیاتر بوو.

**بایەخی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەرییەکانی دەنگدانەوەی کۆڕەوی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان لەسەر ئاستی ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی دەرەوەدا)، وەك ڕووداوێکی کاریگەریی مێژووی هاوچەرخی باشووری کوردستان بایەخێکی بابەتیانەی گرنگی لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی باشووری کوردستان هەیە، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا دیوێکی دنیابینی ناوەندە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە پشتبەستن بە سەرچاوەی بابەتی و بەڵگەنامە و کەسایەتییە گەواهیدەرەکانی نێو ڕووداوەکە، هەوڵدراوە کاریگەریی و بایەخی ئایندەیی هەڵوێست و کاردانەوەکان لەسەر چارەنوسی ناوچەکە بخرێتەڕوو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو ڕوانگەیەوە دێت، کە تاوەکو ئێستا وەك پێویست جگە لە چەند وتار و نوسراوێك نەبێت لە چوارچێوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەتێکی ئەکادیمی گشتگیری لەسەر نە نوسراوە، هاوکات کۆڕەو وەك وێستگەیەکی گرنگ لە خەباتی سیاسیی کورددا، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە پەرژانی نێوەندە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ئاوڕدانەوە لە پرسی نەتەوەی کورد.  لەم نێوەندەدا هەوڵی ڕەوەندی کوردی، میدیاو کەناڵ و راگەیاندنە هەرێمی و نێودەوڵەتی و هەڵوێستی فەرمی وڵاتانی هەرێمی و نیودەوڵەتی لەسەر جوڵاندنی کەیسی کۆڕەو وەك پرسێکی چارەنوسسازی نەتەوەیەك تێکرا هۆکارێکی کاریگەریی هەڵبژاردنی بابەتێکی لەم جۆرە بوو، لەبەرئەوە شرۆڤەی ئەو هەڵوێستانە بە ئەرکێکی مێژوویی گرنگی لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا دەزانین.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانج لە نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە  لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و شیکارانە بۆ (کۆڕەوی باشوری کوردستان ١٩٩١) بکرێت، وەك سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوەکی هەمە لایەنە ترو فراوانتر بخرێتە بەردەست. هاوکات پێزانینی ئەو هەڵوێست و ئەرکە مێژووییە لە هەمبەر هاوار و بانگەوازی نەتەوەیەك دەرهەق بە مافی چارەنوسی نەتەوەیی خۆیی و بەدەنگەوەهاتنی رای گشتی نەتەوەیەکە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی نوسینەوەی زانستیانەی مێژوو پەیڕەوکراوە، بەتایبەتی میتۆدی شیکاریی زانیارییەکانی زەمینەی ڕووداوە مێژووییەکان. هاوکات بە ڕەچاوکردنی نوێترین ڕێگاکانی شرۆڤەی ڕووداوەکان، کۆکردنەوەی سەرچاوەکان، گێڕانەوەی گەواهیدەرەکان،

کۆبوونەوەی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان و زانیارییەکانی میدیای ئەوکات و گونجاندنی لە بایەخی بابەتە مێژووییەکەدا تێکرا لە چوارچێوەی قۆناغبەندی تەوەرەکانی تویژینەوەکەدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی شوێنیانکراوەتەوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە پشت بە ژمارەیەك سەرچاوەی وەك کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامە و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی بەشداربوو لە (کۆڕەوی باشوری کوردستان ١٩٩١)بەستراوە، لەگرنگترین ئەو نوسراوانەش کتێبی (د. مارف عمر گوڵ: کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، چونکە لە رووی یاساییەوە بەوردی بایەخی یاسا نێودەوڵەتییەکانی دەرهەق بەکورد هەڵسەنگاندووە، ڕزگار عەزیز محەمەد: ڕاپەڕین بە هێزو بازووی جەماوەرو پێشمەرگە بوو، عبدالفتاح عبدالرزاق: مبدأ عدم التدخل وفي القانون الدولي عام دراسة تحليلية، هەروەها چەند چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ کەسانی بڕیاربەدەستی سیاسی و ئەکادیمی و نوسەری بەرچاوی ئەو قۆناغە ئەنجامدراون، گرنگترینیان لەگەڵ هەریەکە لە (نەوشیروان مستەفا ئەمین، د.یاسین سەردەشتی، د.کەمال علی، د.دلێر ئەحمەد و د.ڕەفیق سابیر) و چەند کەسایەتیەکی ناسراوی بەشدار بوی خودی کۆڕەو. هەموو ئەم کەسایەتییانە گەواهیدەر و ئاگاداری وردو درشتی هەڵویست و کاردانەوەکانی دەرهەق بە پرسی کۆڕەو بوون.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:** لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێکی مێژووی گەورەی وەکو کۆڕەوی باشووری کوردستان بێ کەم وکوڕی نابێت و زۆر ئاستەنگی دێتەپێش، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لایەنێکی مەیدانیشی تێدەکەوێت، ئەمە جگە لە دەست نەکەوتنی چەند زانیاریەك لەسەر بابەتەکە بەتایبەتی لەکەسانی بەشداربووی کۆڕە و کە ئامادە نەبوون قسەمان بۆ بکەن، یان لەژیاندا نەماون کە دەمانتوانی بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە زیاتر سودمان لێوەرگرتنایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا توانراوە ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجام بگەیەنرێت کە لە پێشەکیەك و دوو بەش و پێکهاتووە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم: کاردانەوەی ڕەوەندی کوردیی وهەندێك لە وڵاتان لەهەمبەر کۆڕەوی ١٩٩١. ئەمیش بریتیە لە دوو باس؛ باسی یەکەم: کاردانەوەی ڕەوەندی کورد لە هەمبەر کۆڕەوی باشوری کوردستان بەتایبەتی لەنێو ڕەوەندی کورد لە سوید وروسیادا، لەم میانەدا هەڵوێست و جموجوڵ و کاردانەوەی کورد و هەوڵدان بۆ جوڵاندنی رایگشتی دەرەوە و بەدەنگەوەهاتنی پرسەکە تاوتوێکراوە. باسی دووەم: هەڵوێستی بەشێك لە وڵاتان وکۆمەڵگەی عەرەبی بەرامبەر کۆڕەوی١٩٩١ لە کوردستانی عێراق پەیوەستکراوە بە هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی لەمەڕ پرسی کۆڕەوی باشوری کوردستان. بەشی دووەم: تایبەتە بە دەرهاویشتەکانی کۆڕەو لە میدیاو بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمیش پێکهاتووە لە دوو باسی یەکەم: دەنگدانەوەی کۆڕەو لە میدیا هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، پەیوەستە بە ڕووماڵی میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەنگدانەوەی ڕووداوەکە لە هەواڵ و وتار و وێناکان و ریپۆرتاژەکانیاندا، بۆ ئەم مەبەستە زۆرترین کەناڵە میدیا هەریمی و نیودەوڵەتیەکان بەهەند وەرگیراون، باسی دووەم: کۆڕەوی کورد و بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی لەم باسەدا کۆڕەو لەسەر ئاستی دەرەوە بەتایبەت شرۆڤەی ورد بۆ بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش کراوە وەکو گرنگترین دەرهاویشتەی نێودەوڵەتی ڕووداوی کۆڕەو.

## بەشی یەکەم: کاردانەوەی ڕەوەندی کوردیی و هەندێک لە وڵاتان سەبارەت بە کۆڕەوی باشووری کوردستان:

**باسی یەکەم: کاردانەوەی ڕەوەندی کوردی لە هەمبەر کۆڕەوی باشوری کوردستانی عێراق ڕەوەندی کوردی سوید و روسیا بە نموونە.**

کۆڕەوی خەڵکی باشووری کوردستان دەرهاویشتەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بوو، ئەو ڕاپەڕینەی لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ دا لە قەزای ڕانیەی پارێزگای سلێمانییەوە دەستی پێکرد و تاوەکو ٢١ی ئازاری ١٩٩١ زۆرترینی خاکی کوردستانی عێراق بە شاری کەرکوکیشەوە ئازادکرا. لە ئاکامی ئەو ڕاپەڕینەدا بە هۆکاری ناوخۆیی و هەرێمی و نیودەوڵەتی، هێزەکانی حکومەتی عێراقی خۆیان ڕێکخستەوە و هێرشی پێچەوانەیان کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان، سوپای عێراقی بە توندترین شێوە لە ڕێگەی زەمینی و ئاسمانییەوە هێرشەکان دەستیانپێکرد، ئەزموونی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ کوشت وبڕی ئەو سوپایە، هۆکارێکی کاریگەر بوو تاوەکو ڕایەکی گشتی لە سەرانسەری کوردستاندا دروست بێت و تێکڕا بڕیاری ڕەوی ملیۆنی بەرە و سنوورەکانی ئێران و تورکیا بدەن، هەربۆیە ئەم ڕووداوە گەورە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە کۆڕەوی ١٩٩١ لە ناوەندە فەرمیی و نافەرمییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا ناسرا و دەنگدانەوەکانی بوونە بابەتی وەرچەرخانێکی گرنگ لە چارەنوسی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقدا [1]. لێرەدا بەوردی سەرنج دەخەینەسەر ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی دەرەوەی کوردستان، تاوەکو چەندە دەنگدانەوەی کۆڕە و هەڵوێستی ڕەوەندی کوردی و ڕای گشتی ئەو وڵاتانەی لەهەمبەر ئەو پرسە گرنگەی گۆڕەپانە سیاسییەکەی خەڵکی کوردستاندا جوڵاندووە، هەربۆیە لێرەدا نموونەی هەڵوێست و کاردانەوەی چەند ناوەندێکی گرنگ دەخەینە پێشچاو. ئەم دوو وڵاتە وەك نموونەی هەڵوێستی وڵاتێکی ڕۆژئاوایی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە نموونە هێنراونەتەوە.

**یەکەم: کاردانەوەی کوردانی تاراوگە لە سوید:**

کۆڕەوی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ دژ بە دەسەڵاتی حکومەتی عیراقی، کاردانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاستی ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە دروستکرد، بەتایبەت لەناو ئەو کوردانەی کە زۆرترینیان پەنابەری سیاسیی بوون و لە تاو ستەم و سیاسەتی توندوتیژیی حکومەتی عێراقی ڕێگەی هەندەرانیان هەڵبژاردبوو. لەگەڵ ڕووداوەکەدا هەموو ئەو کوردانەی ئەورووپا کە زیاتر هەڵگری بیری ناسیۆنالیستی کوردی بوون و وابەستەبوون بە کلتور و زمان و خاك و بە بیروباوەڕی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیانەوە بە خێرایی خۆیان بە بەرپرسیار دەزانی لە هەڵویستوەرگرتن، هەر بۆیە لە ڕێگەی خۆیانەوە پەیوەندی دبلۆماسی و سیاسیان لەگەڵ ئەو دەزگا

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١)، لە باشووری کوردستان، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، ل١١١-٢٠٠).

و دەسەڵاتانەی وڵاتانێك کە تێیدا پەنابەربوون دەستپێکرد[١]. ئەوان پێیان وابوو بەم بژاردەیە تاوەکو ئاستێکی باش دەتوانن لە ئاست گۆڕانکارییەکاندا کاریگەرییان هەبێت و هاوکاری دۆستانە بۆ گەلەکەیان فەراهەم بکەن[٢]. لەو قۆناغەدا بە هۆکاری ڕێژە و کاریگەرییان سەنگ و قورسایی خۆیان لە وڵاتانی ئەوروپا بەهۆی بارودۆخی ئەو وڵاتانەوە لە هەمبەر هۆشیارییان دەرهەق بە مافی مرۆڤ قۆستەوە، چونکە لەوێدا زەمینەی دیموکراسی بۆ تێکڕای نەتەوەکان بەبێ جیاوازی فەرهەم کرابوو، لێرەوە خەڵکانی پەنابەریش دەیانتوانی لە ڕێگەی کۆڕ و سیمینار و خۆپیشاندانەوە داوای مافەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان بکەن و دۆست و هاوڕێ و هەڵویستی جدی لەهەمبەر دۆزەکەیان پەیدا بکەن و لە کێشەکانیان بکۆڵنەوە، بەڵام ئەم هۆشیاری و کاردانەوانە لە هەمبەر ڕووداوێکی لەو جۆرە، زیاتر ڕەهەندێکی مرۆڤانەی هەبوو نەك سیاسییانە[٣]. لەم بارەیەوە ڕزگار عەزیز محەمەد لە بارەی خۆپیشاندانی کوردانی ئەورووپاوە سەرنجی خۆی خستبووە ڕوو، دەڵێت:" ئێمەی ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا، کە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد، ڕووبەڕووی ئێش و ئازار و بێزاری و سەرشێتی و هستریایەك بووینەوە، بەبێ هیچ ئامۆژگاری و داواکارییەکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی هەر بە زانین و بیستنی ئەم کۆڕەوە خێرا هەر شەو کاتژمێر (٢) شەو چوونە بەردەم سەفارەتی ئەمەریکی، خەڵکێکی زۆر کۆبوینەوە بۆ خۆپیشاندان دژی نەبوونی هەڵوێستی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. هەر لەو شەوەدا نزیکەی (٢٠٠) کەس کۆبوونەوە لە ژن و منداڵ و پیاو"[٤]. ڕەوەندی کوردی لە هەڵوێستی هاوپەیمانان و ئەمەریکا دڕدۆنگ بوون، چونکە ئەمەریکا پێشتر داوای لە گەلانی عێراق کرد بوو کە ڕاپەڕن لە دژی صەدام حسێن و ڕژێمەکەی، بەڵام دواتر دەستبەرداری ڕاپەڕینەکە بوون و لێگەڕان تاوەکو ڕژێمی عێراق تۆڵە لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کورد بکاتەوە، هەر لەبەرئەوە کوردانی هەندەران چوونە بەردەم کونسوڵخانەکانی ئەمەریکا لە سوید و داوای هەڵوێستێکی ڕوون و ئەرێنییان لە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی کرد[٥]. بۆ ئەم مەبەستە ڕەوەندی کوردی لە سوید خێرا لیژنەیەکیان دروست کرد، لیژنەکە پیکهاتبوو لە نوێنەرانی زۆربەی لایەنە سیاسییە کوردییەکان و کەسانی نیشتیمان پەروەر و ڕۆشنبیری کورد، هەر لەوێدا بڕیاری گردبوونەوەی بەردەوام و خۆپیشاندان و مانگرتن لە خواردن ڕاگەیەنرا، مانگرتنەکە ماوەی (١٠) شەو و ڕۆژی خایاند، لەم چالاکییەدا هەزاران کورد لە پێش کونسوڵخانەی ئەمەریکا خێوەتیان هەڵدا، بەردەوام بازنەی گردبوونەوەکە فراوانتر و هەڵویست و پشتیوانی لە داواکارییەکان فراوانتر دەبوون، دواجار چەند لیژنەیەك بۆ بەدواداچوون و گەیاندنی داواکارییەکان پێکهێنران، ئەم لیژنانە کاریگەریی و سەنگی خۆیان هەبوو، چونکە بەهۆی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانەوە توانرا هەموو پارتە

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ئامانج احمد مستەفا دڵزار)، سۆران ، (٢٠٢٣/٣/٢٨).

٢.چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.دلێر ئەحمەد)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٦.

٤. ڕزگار عەزیز محەمەد، ڕاپەڕین بە هێزو بازووی جەماوەرو پێشمەرگە بوو، هەولێر، بڵاوکردنەوەی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ، ٢٠٠٢، ل ٥٩.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.کەمال عەلی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/٢.

سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی سوید و تەنانەت ئەوانەی دەرەوەی پەرلەمانیش وا لێبکەین، کە هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا بکەن[١].

هاوکات بازنەی خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان لە بەردەم باڵێۆزخانەی (ئەمەریکاوە بۆ باڵیۆزخانەیکانی بەریتانیا، فەرەنسا، سۆڤێت، چین، کوبا، عێراق و بارەگای UN) ئەنجامدران. چەند شاندێك لە لیژنەکانی ئەم چالاکییانە باڵیوزەکانی (ئەمریکی، فەرەنسی، کوبا، سەرۆك وەزیرانی سوید و وەزیری دەرەوە و وەزیری دادی سوید) یان بینی، ئەوە بوو هەر لەو هەفتەیەدا حکومەتی سوید بڕی (٢٠) ملیۆن کرۆنی سویدی بەخشیە ئاوارەکان، دواتر بڕیاریان دا بە (٤٠) ملیۆن کرۆن و پاشان (١٠٠) ملیۆن کرۆنیان بۆ هاوکاری جەماوەری کوردستان و ئاوارەکانی کۆڕەو تەرخانکرد[٢].

لە راستیدا دەتوانرێت بوترێت ئەو بڕە پارەیەی کە دابین کرا بۆ خەڵکی ئاوارەی کورد کە دووچاری کارەساتی کۆڕەو بوون کارێکی مرۆیی باش بوو، چونکە بارودۆخی خەڵکی باشوری کوردستان لە خیوەتگەکانی ئێران و لەسەر سنوورەکانی تورکیادا زۆر خراپ بوو، تەنانەت لەبەر نەبوونی پێداویستییەکانی حەوانەوە و خۆراکی پێویست و کەش و هەوای ساردی ئەو وەرزە چەندین رووداوی رەقبوونەوە و مردن لەنێو ئاوارەکاندا تۆمارکرابوو[٣].

دکتۆر کەمال عەلی لە بارەی گردبوونەوەی رەوەندی کوردییەوە لە سوید دەڵێ:"خۆم لە سوید بووم لە شاری ستۆکهۆڵم کۆبوونەوەیەکی گەورە لە شاری ستۆکهۆڵم بەسترا بۆ هاوکاری گەلی کورد، ئەوکات (ستێن ئەندرسۆن) وەزیری دەرەوەی سوید بوو، لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوو، وتارێکی پێشکەش بە جەماوەرەکە کرد و وتی: (ئیتر لە مەودوا کێشەی کورد کێشەی ئێمەیە)، ئەم وتەیە لە سەر ئاستی حکومەت دڵخۆشکەر بوو، چونکە لە ئاستیکی فەرمیدا دانرا بە کێشەی کورد دا، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری باش کرا بۆ ئاوارە کوردەکان وەك جل و بەرگ و پارە و خواردەمەنی و پێخەف و داوو دەرمان"[٤]. هەروەها ناوبراو وتی:"تەنانەت کڵیسەکان نزا و نوێژی یەك شەمەیان تەرخانکرد بۆ کورد و داوایان لە خوای گەورە دەکرد کە هاوکاری کورد بێت و رزگاری بکات لەم تراژیدیایە، وە هونەرمەندانی بەناوبانگ و نوسەران و زاناو سیاسەت مەدارانی سوید پشتگیریان لە میللەتی کورد دەکرد لەو رۆژە نەهامەتییەدا"[٥].

لە درێژەی کاردانەوە و هەڵوێستنواندنی رەوەندی کوردیدا لە سوید، (د. ڕەفیق سابیر) کە خۆی بەشدار بووە لە خۆپیشاندانەکاندا لە سوید پێیوتین:"ڕەنگە بە لاتانەوە سەیر بێت بە هەزاران منداڵی ئەورووپی کەرەستەی گەمەکانی خۆیان دەفرۆشت بە پارەیەکی کەم، بۆ ئەوەی بتوانن بەو پارە کەمە منداڵانی کورد کە دوچاری دەربەدەری بوون و لە ژێر کاریگەریی ئەو رووداوە تراژیدیایەدا مابوونەوە هاوکارییان بکەن، تەنانەت منداڵانی (٤ و٥) ساڵ دەستی باوکیان دەگرت و دەیانوت

---

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی ٢٠٠٧/١٢/٤.

٢.ڕزگار عەزیز محەمەد، س . پ، ل٦٠.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.کەمال عەلی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/٢.

٥. ڕزگار عەزیز محەمەد: س. پ، ل٦٠.

دەمانەوێت یارمەتی بنێرین بۆ منداڵانی كوردی كۆڕەو) "، هەروەها ناوبراو وتی:" میدیاكان سات بە سات ئەم ڕووداوەیان دەگوێزایەوە بۆ ناو ماڵە ئەوروپییەكان، بۆیە ئەمە وایكرد كە شەقامی سویدی هاوسۆزی و هاودەنگی دۆزی كورد بكەن لەو قۆناغەدا"[1].

خۆپیشاندانی ڕەوەندی كوردی لە ناو میدیای سویددا دەنگدانەوەی زۆری لێكەوتەوە، بە جۆریك ڕاگەیاندنەكان هەواڵی یەكەمیان پیشاندان و باسكردنی تراژیدیای كۆڕەو بوو، ئەمەش بووە هۆیەك تاوەكو ڕەوەندی كوردی بڕیاربدات هەتا كۆمەك و هاوكاری نەگاتە كوردستان مانگرتن لە خواردن نەشكێنن، هەربۆیە بەردەوام بەردەم باڵیۆزخانەكانی ئەمەریكا و ئەو وڵاتانەی ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجومەنی ئاسایش بەرنەدەن. ئیتر بەردەوام لەو چەند ڕۆژەدا ئەو باڵیۆزخانانە كرابوونە بارەگای خەبات و دابەشكردنی كارو چالاكییەكان، لەدواین چالاكیدا بانگەوازیكی فراوانتر كرا بۆ تەواوی ڕەوەندی كوردی لە سویددا، لە بانگەوازەكەدا داواكرابوو هەموو كوردێك بە دروشمەوە بێن بۆ ئەم كۆبوونەوە فراوانەی بەردەم بالویزخانەی ئەمەریكا، بۆ بەدەمەوەهاتنی ئەو خۆپیشاندانە بەسەدان هەزار كورد بەشداربوون، دوابەدوای ئەوەش چەندین خۆپیشاندانی تر لە سەرتاسەری سویددا بە پیادە و ڕێپێوان لە شارە دوورەكانی سویدەوە بۆ بەردەم باڵیۆزخانەكانی ئەمەریكی لە ستۆكهۆڵم ئەنجامدران، بۆ نمونە ڕێپێوانی شاری (مالمۆ) كە لە خوارووی سویدەوە هاتبوون و لە گۆتنبۆرگ لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی سوید كە (٥٠٠ــ٦٠٠) كم لە پایتەختەوە دوور بوون، دەیان دروشمیان بەرزكردبووەوە، ئەوان لەلایەك داوای گەڕانەوەی ئاشتی بۆ كوردستان و هاوكاری كردنی جەماوەری كوردستانیان دەكرد لە لایەكی ترەوە لە شارەكانی (ئۆپسالا – ستۆكهۆڵم – لینگشوپینگ) و لە گەلێك شارو شارۆچكەی تر چالاكی ئەنجام دەدران و هەمان داواكارییان بەرزكردبووەوە[2].

ئەم چالاكییانە بەردەوام لە كەناڵەكانەوە ڕوومالدەكران، لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەكاندا داوا لە حكومەتی سوید كرا كە بە پەلە یارمەتی بنێرن بۆ ئاوارەكان و هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەم تراژیدیایە ڕوونتر ئاشكرا بكەن و پێویستە بە پەلە شاندی حكومەت و پەرلەمانی سوید بچن بۆ ناو ئاوارەكان و لە نزیكەوە لە بارودۆخی ئاوارەكان بكۆڵنەوە، دواجار فشاری خۆپیشاندەران حكومەت و پەرلەمانی سویدیان ناچاركرد ئەو شاندە ڕێكبخەن، ئەوە بوو هەردوو شاندەكە هاتن بۆ كوردستان، یەكەمیان نوێنەرانی حكومەتی سویدی بوو بە سەرۆكایەتی خاتوو (لینا) كە وەزیری هاوكاری دەرەوەی سوید بوو، دووەمیان شاندی پەرلەمان بوون، كە پێكهاتبوون لە نوێنەرانی پەرلەمانی حزبە سیاسییەكانی سوید، داوایان كرد، لە شێوەی ئەو بنكە تەندروستییانەی كە لە سعودیە و لە كاتی جەنگی كەنداودا بەكارەهێنران بۆ چارەسەركردنی بریندارەكان بە پەلە بهێنرێن بۆ كوردستان و بەدەم ڕەوشی تەندروستی ئاوارەكانەوە بچن[3]. دیارە ئەم كارەی سویدیەكان مایەی دڵخۆشی و سوپاس و پێزانین بوون سەبارەت بە گەلی كورد، كە تێكڕا هەوڵەكانی خۆیان خستبووەگەڕ لە

١. چاوپێكەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.
٢.ڕزگار عەزیز محەمەد، س . پ، ل٦١-٦٢.
٣. هـ . س، ل ٦٠-٦١.

هەندەران بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاوارەکانی کوردی کۆڕەو[١]. دیارە گرتنەبەری خۆپیشاندان بۆ بەدەمەوەچوونی خواستە مرۆیەکانی کورد لە وڵاتی سوید وەك کارێکی شارستانی و دیموکراسی شوینی خۆی گرت و توانی کاریگەری گەورەی بەدەمەوە چوونی مرۆڤانە بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەو راستییەی نیشاندا کە خۆپیشاندان حسابی تایبەتی خۆی بۆ دەکرێت و بە دەنگ داواکارییەکانتەوە دێن، چونکە سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەوروپا کە تا ئاستیکی باش مافی مرۆڤی تێداچەسپیوە و پرۆسەی دیموکراسی تێیدا پارێزراوە و هەمیشە هەوڵی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییەکانی دانیشتوی سوید دەدەن، کە خواستەکانی رەوەندی کوردیشیان لەو چوارچیوەیەدا دەبینییەوە[٢].

یەکێکی تر لەو کارە کاریگەرانەی کە رەوەندی کوردی لە سوید ئەنجامیدا ئەوەبوو بڕیار درا کە لە بەردەمی باڵویزخانەی ئەمەریکادا نەخشە و پلانی ئەوە دانرا کە چۆن پەلاماری باڵیۆزی عێراق لە شاری ستۆکهۆڵم بدرێت ، ئەوەبوو کاتژمێر سفری (٤:٣١)ی بەیانی بۆ هێرش کردنە سەر باڵیۆزخانەی عیراق دیاریبکرێت کە وەکو لانەی هەواڵگری بۆ رژێمی عێراق تەماشا دەکرا، بۆ ئەو مەبەستەش (٥٥) کەس لە هەموو لایەنە سیاسییەکان و دەرەوەی لایەنەکان رێکخران تاوەکو پەلاماری باڵیۆزخانەی عێراق بدەن، ئەوەبوو توانیان لە کاتژمێر (٤:٥٥) هەڵبکوتنە سەر باڵوێزخانەکە و لە کاتژمێر (٥:١٥)ی سەرلەبەیانی بەتەواوی بارەگاکە بسوتێنن، لەکاردانەوەی چالاکییەکەدا پیاوەکانی رژێم لەناو باڵوێزخانەکەوە چەکی کلاشینکۆفیان بەکارهێنا. ئەمەش بووە هۆی زیاتر ناوزڕاندنی حکومەتی عێراقی[٣]. لەو کاتەدا پۆلیس دەستیوەردانی کرد و کۆمەڵێك لەو کوردانە قۆڵبەستکران و چەند ڕۆژێك لە زیندان مانەوە و دواتر ئازاد کران، لە ڕوانگەی رەوەندی کوردییەوە مەبەست لەم کارە نارەزایی دەربڕین بوو بۆ ئەوەی سوید بزانێت و بگاتە حکومەتەکانی تریش تا هەوڵبدەن لە ڕێگای حکومەت و پەرلەمانەکانەوە چارەسەری ئەو بارودۆخە خراپە بکەن کە کورد لە عێراقدا تێی کەوتووە [٤].

ئەوەی لە هەڵویستنواندی رەوەندی کوردی سویددا گرنگ بوو ئەوە بوو کە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا کورد بە گشتی بەشداری دەکرد، بە جۆرێك بوو کە کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەشدار بوون، تەنانەت کوردی پارچەکانی دیکە هاوسۆزی و بەشدارییەکی کاریگەریان لە گردبوونەوەکاندا دەنواند، جیا لە کوردی پارچەکانیتری کوردستان، تەنانەت خەڵکی تری سویدی و خەڵکی ئەوروپی بە گشتی بەشدار بوون، بە تایبەتی ئەوانەی کە دۆستی کورد بوون، تێکرا بە دیدێکی مرۆڤدۆستانەوە بەشدارییان دەکرد و هاوخەمی کورد بوون[٥].

هەروەها لە چالاکییەکی تری کاریگەردا کوردەکانی هەندەران سندوقی خێرخوازییان لە سوید دانا، لەم بارەیەوە ڕزگار عەزیز وەك بەشدارێکی چالاکییەکە نوسویەتی :"سندوقی خێریان کردەوە

---

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ئامانج احمد مستەفا دڵزار)، سۆران ، (٢٠٢٣/٣/٢٨).
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.
٣. ڕزگار عەزیز محەمەد: س. پ، ل ٦٢.
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.کەمال عەلی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/٢.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.

بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوارەکانی کوردستان، ئەوەبوو نزیکەی (١,٦٠٠,٠٠٠) کرۆنی تیا کۆکرایەوە و لەگەڵ کۆمیتەی سوید - کورد کە کۆمیتەیەکی پەرلەمانی سویدی بوو بۆ هاوکاری گەلی کورد، بۆ ئەوەی ئەو هاوکاریە بگەیەنرێتە گەلی کورد"[١].

بە گشتی خۆپیشاندان لە وڵاتانی دیموکراسیدا کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام کارەکانی سوید زیاتر لە لایەنی مرۆییەوە کاریگەریان هەبوو نەك لە ڕووی سیاسییەوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە سوید وڵاتێکی بچوکە و بڕیارە سیاسیەکانی زیاتر لە لای وڵاتە زلهێزەکانی وەك (ئەمەریکا ،بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا، ئەڵمانیا)دایە، بەڵام سوید دەیتوانی لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە فشاری زیاتر بکات کە لە بەرژەوەندی باشوری کوردستان بێت[٢].

لێرەدا بەدەردەکەوێت سەرجەم ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە کاریگەری (ئەرێنی) باشیان هەبووە هەم لە ڕوانگەی ناشیرین کردنی حکومەتی عێراقی و ئەو ستەمەی کە لە کوردی دەکات و هەم سوتاندنی باڵیۆزخانەکانیان هیمایەکی هەڵویستنواندنی کاریگەر بوو، جگە لەوەی وای لەو وڵاتانە کرد دەستی هاوکاریی مرۆیی بۆ خەڵکی پەنابەری کورد دابین بکەن .

**دووەم: ڕەوەندی کوردی لە روسیا:**

ڕوسیا دژی ئەوە بووە کە شەڕی کەنداوی دووەم دەست پێبکات و ئەمەریکا لە ڕێگەی سەربازییەوە هێرش بکاتە سەر عێراق، چونکە ڕوسیا دەیویست بە شێوازی ئاشتی و گفتوگۆ هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدەن نەك بە هێزی سەربازی، بەڵام ئەمەریکا لە دەرەوەی خواستی رووسیا، توانی هاوپەیمانی بۆ خۆی دروستبکات و رووسیا نەچووە ئەم هاوپەیمانییەوە[٣].

لەو کاتەدا ڕووسیا هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی ناچاربکات بە جێهێشتنی کوێت، لەمبارەیەوە چەندین شاندی نارد و داوایان کرد کە شەڕ ڕوونەدات و بە مەرجەکانی هاوپەیمانان ملبدەن، بەڵام عێراقییەکان بەمە ڕازی نەبوون [٤]، تەنانەت سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش چووە دیداری سەرۆکی عێراق و پێی ڕاگەیاند کە جەنگ بەرپانەبێت و سوپاکەی لە کوێت بکشێنێتەوە، بەڵام صەدام حسێن گوێی بە کەس نەدەدا و داگیرکردنی کوێتی بە مافی لەمێژینەی عیراق دەزانی و پێی وابوو کوێت پارێزگایەکی دابڕاوی عێراق بووە و ئێستا ئیتر پارێزگای (١٩)هەمینی عێراقە[٥].

لە کاتێکدا لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا جەنگی سارد کۆتایی هات و نەخشەی سیاسی و جوگرافیای گیتی گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، گەلێك دیاردەی نوێ لەناو

١. ڕزگار عەزیز محەمەد: س . پ، ل ٦٣.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.
[٣] .چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ئامانج احمد مستەفا دڵزار)، سۆران ، (٢٠٢٣/٣/٢٨).
[٤] The Gulf War: Moscow's role//
https://edition.cnn.com/2001/WORLD/europe/01/16/russia.iraq/index.html.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.دلێر احمد)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٦.

گۆڕەپـانی سیاسـەتی نێـودەوڵەتی وەدەرکەوت، یەکێـك لەوانە بریتـی بـوو لە شـکانی پەیـکەر و هەڵوەشـانی بونیـادی سیسـتەمی نێـودەولەتی جەنگـی سـارد و ئـاوابوونی دنیـای دوو جەمسـەریی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەر بۆیە گۆڕانی شێوە و ژمارەی جەمسەربەندییان وەك سیمایەك لە سیماکانی سیستەمی نوێی جیهانی لە قەڵەمدا[١]، ئەم گۆڕانکارییانە بە تەواوی ڕووسیای نیگەران کردبوو، بۆیـە بە دوای ئەوەدا دەگەڕا کە ئەمەریکا لاواز بکات، دڵنیا بوو کە بە شـەڕی کەنـداوی دووەم ئەمـەریکا هێندەی تر باڵادەستتر دەکات دەبوو بەسەر ناوچە گرنگەکانی کەنـداودا لەبەرئەوە ڕووسـیا بە هـیچ شێوەیەك لەگەڵ شەڕدا نەبوو[٢].

دکتۆر دلێر ئەحمەد کـە خـۆی لـەکاتی کۆڕەوەکـەدا لـە روسـیادا بـووە، سـەبارەت بـە دەنگـۆی راپەڕین و کارەساتی کۆڕەوی کورد دەڵێت:" رەوەندی کوردی هەموو خەریکی خۆپیشـاندان بـوون و هەڵوێستێکی کوردپەروەرانەیان هەبوو، ئێمە بەم شێوەیە کارەکانمان ئەنجامدا، یەکەمجار هەوڵمانـدا باڵوێزخانەکانی عێراق بدەینـە بـەر پـەلامار و سـوتاندن[٣]، هەربۆیـە لەیەکـەم کاردانـەوەدا رەوەنـدی کـوردیی پەلامـاری باڵوێزخانـەی عیراقیانـدا، دووەم چـالاکی و کاردانــەوەمان ئـەوەبوو کەوتینـە کۆکردنەوەی کۆمەك و یارمەتی بۆ ئاوارەکان، هەر لە جل و بەرگ و پێڵاو تاوەکو دەگاتە دەرمان و لە هەندێك شوێن پارەیش دەنێردرایەوە بۆ ئاوارەکانی کوردستان"[٤].

باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ شیمانەی کاردانەوەی رەوەندی کوردی کردبوو، هەربۆیـە داوایـان لە وەزارەتی ناوخۆی روسیا کردبوو تاوەکو پۆلیسێکی زۆریـان هێنـابووە بەردەم باڵویزخانەکـەیان. د. دلێر ئەحمەد دانیشتوی روسیا لـەم بارەیـەوە دەڵـێ:" بۆخـۆم بە وێـنە لامە، ئـێمە دەسـتمان کـرد بە چالاکییەکانمان و خۆپیشاندان دەستی پێکرد، کە خەریك بوو هەموو کوردەکان پەلاماری باڵویزخانەی عێراق بدەن و بچینە ناو بارەگاکە و بیسـوتینن، بەڵام حـکومەتی روسـیا رێگـری لێکـردین، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی هێنابوو بـۆ بەردەم سـەفارەتەکە و ڕێگـر بـوون لەوەی بیسـوتێنین، بەڵام چالاکییەکانمان بەردەوام بـوون و خۆپیشـاندانەکانمان شـەقامە سـەرەکییەکانی مۆسـکۆی تـەنیبوو و داوامان دەکرد کە هاوکاری بە پەلە بگەیەنرێتە کوردە ئاوارەکان و بەربەستێك بۆ هێرشەکانی سوپای عێراق دابنرێت و چیدی جینۆسایدی کورد نەکرێتـەوە، هاوکـات داوامانـدەکرد هەوڵـی ئەوە بـدرێت کورد بگەڕێنرێتەوە بۆ شوێنەکانی خۆی"[٥].

لێرەدا دەردەکەوێت کوردانی هەندەرانی ڕوسیا هەرچەندە هەوڵیان داوە بۆ ڕاکێشانی دەوڵەتی ڕوسیا بەرامبەر بە کێشەی کورد، بەڵام بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ لەوکاتەدا ئەوەی نەویستووە، تەنیا توانیویانە هاوکاری خەڵکی ڕوسیا بۆ ئاوارەکانی باشووری کوردستان لە ڕووی مرۆییەوە کۆبکەنەوە و

---

١. عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، چ١، ٢٠٠٣، ل ١١٩.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئازاد جوندیانی)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٦.

٣ .چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.دلێر احمد)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٦.

٤ . چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ئامانج احمد مستەفا دڵزار)، سۆران ، (٢٠٢٣/٣/٢٨).

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.دلێر ئەحمەد)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٦.

هەڵوێستیکی سنووردار بنوێنن. هاوکات لە هەڵویستی روسیاوە دەردەکەوێت کە بڕیاری سیاسیی روسیا وەك جەمسەرێکی ئەورووپای رۆژهەلات هیشتا لەژێرکاریگەریی جەنگی سارد و نەیارییەتی باڵادەستبوونی ئەمەریکا و خۆرئاوادا گوێی بە خواستە نەتەوەییەکانی کورد نەداوە.

**باسی دووەم: هەڵوێستی بەشێك لە وڵاتان و کۆمەڵگەی عەرەبی بەرامبەر کۆڕەوی باشووری کوردستان:**

وڵاتە عەرەبییەکان بە گشتی بەرامبەر بە میللەتی کورد و کێشەی کورد هەر لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی و راپەڕین و تێکۆشانەکانی شەستەکانەوە هەتا دەگاتە راپەڕین و کۆڕەوی ١٩٩١ هەڵوێستێکی ئەرێنییان بەرامبەری نەبووە، تەنانەت هەندێکیان بەهۆی بیری پەرگیریی ناسیۆنالیستییانەوە بانگەشەی تۆمەتی ئەوەیاندەکرد کە کوردستان ئیسرائیلێکی ترە و لەناو دڵی نیشتمانی عەرەبدایە و مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر یەکپارچەیی و ئایندەی نیشتمانی عەرەبی[١].

لە ڕاستیدا بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی هاوکار و هەماهەنگی حکومەتی عێراقی بوون بۆ لێدان و پاکتاوی نەژادی و نەتەوەیی کورد، تەنانەت لە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و شەڕی (عێراق - ئێرانیش)دا هاوکاری حکومەتی عیراقی بوون و بەشێکیشیان لە چوارچێوەی دروشمە ئیسلامییەکاندا پشتیوانی پرۆژەی پاکتاوی نەژادی کوردیان کردووە[٢]. بەشێوەیەکی گشتی هەماهەنگییەکی ئەوتۆ بۆ بەهاناوەچوونی کورد لە وڵاتانی عەرەبییەوە روویاندا[٣]، بۆیە لە رووداوی کۆڕەوویشدا هەڵویستیکی ئەرێنی و مرۆیی لەهەمبەر پاکتاوی نەتەوەی کوردی عێراقدا لەسەر ئاستی فەرمی و نافەرمیدا بۆ مێژوو بەدەگمەن دەبینرێت[٤].

بۆنموونە وڵاتە عەرەبیەکان نەك هیچ هەڵوێستێکی باشیان نەبوو، بەڵکو لە کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا هاوکاری عێراقیان دەکرد و پاساویان بۆ دەهێنایەوە کە ئێران بکەری تاوانەکەیە نەك عێراق، ئەمەش چاوەڕوان کراو بوو، چونکە کورد پێشتر هەوڵ و هەڵوێستێ وڵاتانی عەرەبی بینیبوو، لەبەر ئەوە هەم وڵاتە عەرەبی و هەم وڵاتە ئیسلامیەکانیش لە ئاستی پەنابەرانی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کوردستاندا بێدەگ بوون و سەرکۆنەی سیاسەتی توندوتیژی عێراقیان نەکرد دژ بەگەلەکەی" ئەوە لەکاتیکدا بوو کە بەشێکیشیان لە چوارچیوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا بوون بۆ دەرپەڕاندنی عیراق لە کوێتدا[٥]. شێخ جەعفەر لەو بارەیەوە وتی:" وڵاتانی عەرەبی لە کاتێکدا

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (صوبحی مەهدی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/١/٣١.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (محەمەد مەلا قادر)، صلاح الدین، ٢٠٠٧/١١/١٧.

٣ The Kurdish Crisis and Allied Intervention in the Aftermath of the Second Gulf War // https://www.google.com/search?rlz=1C1CHBF_enIQ972IQ972&q=arab+countries+attitude+related+kurdish+exodus+1991&spell=1&sa=X&ved=2ahUKEwiW8-K93_L9AhV7QvEDHfjFCg0QBSgAegQICBAB&biw=1038&bih=573&dpr=1.5.

٤. چاوپێکەوتن ، لەگەڵ (د.پشکۆ حمەتاهیر ئاغجەلەری)، سلێمانی، ٣/ ٢/ ٢٠٢٢.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلام عەبدوڵلا)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/١٢.

دەسەڵاتیان نەبوویێت و لاواز بووبن پێوستیان بە کورد بوویێت لایەنە ئۆپۆزسۆنەکانیان خۆیان بە دۆست پیشان داوە، تەنانەت هەندێکیش لەمانە کە خۆم قسەم لەگەڵ کردوون کە بێدەستەڵاتیش بوون دانیان بە دۆزی کورددا نەناوە، لەبەر ئەوە دەوڵەتە عەرەبیەکانیش یارمەتی دەری کورد نەبوون، تەنانەت زۆرجار سوپای وڵاتە عەرەبیەکان هاتوونەتە کوردستان و شەڕی کوردیان کردووە و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ کوژراوە، بۆیە دەتوانین بڵێین لە پرسی کۆڕەویشدا هەمیشە دژی خواستە ڕەواکانی کورد بوون، ئێمە وەك بەرەی کوردستانی چاوەڕوانیمان لە هەڵوێست و بەدەمەوەچوونی وڵاتانی عەرەبی نەبوو، پێشمان وابوو وڵاتانی عەرەبی لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەماندا دەبنە پشتیوان و لە پیناوی راستکردنەوەی ڕژێمی لاوازی عێراق"[1].

بەگشتی لەکاتی کۆڕەویشدا وڵاتانی عەرەب بێهەڵویستیان لە بەردەم کێشەی کورد و کۆڕەودا هەڵبژارد، نە میدیای عەرەبی و نە ڕای عەرەبی ڕۆڵێکی ئەرێنییان نەبینی. هاوکات ڕێکخراو و کەسایەتی و ڕۆشنبیرانی دیاری عەرەبیش کە لە ناوچەی عەرەبیدا بوون نەیانتوانی دەربڕی راستگۆیانەی کارەساتەکە بن و بیناسێنن بە دەرەوە و ڕۆڵ و کاریگەریی مرۆڤانە لەهەمبەر ئاوارەبوونی ملیۆنان مرۆڤی موسڵمانی کورد بنوێنن. ئەم بێهەڵویستییە لە ئاستی حکومەتەکاندا، شەقامی عەرەبیشی گرتبوویەوە، تەنانەت تاکی عەرەب وا پەروەردە کرابوو زۆربەیان کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال بە مافێکی ڕەواو و ڕەواندنەوەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی عەرەب و ئیسلام لێکبدەنەوە. لەبەرئەوە ئەم کارانە بووەتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی ساردو سڕ و بێ بایەخ تەماشای گەلی کورد بکەن و هەر جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی کورد لە عێراق و ڕاپەڕین بە خیانەت و هاندانی وڵاتانی ئەورووپا ناوببەن[2].

لە بەرامبەردا بەشێکی فراوانی شەقامی وڵاتانی عەرەبی سەدامیان بە پاڵەوان دەزانی و پشگیرییان لێ دەکرد، چونکە پێیان وابوو عێراق دژی پرۆژەی ئیسرائیل و ئەمەریکا شەڕ دەکات، لەم هاوکێشەیەدا تەنانەت پەنابەرانی کوردیان زۆر جار بەتێکدەرو خزمەتکاری داگیرکەر دەزانی، ئەوان پێیان وابوو کە عێراق چەندە دەوڵەوتێکی ستەمکار بێت و مامەڵەی خراپ بێت لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبدا، هێشتا لە کورد باشترە، لەوەی کورد بێت بە دەوڵەت، بۆیە لەسەر بنەمای باوەڕی شۆڤێنیان هاوکاری مرۆیی ئاوارە کوردەکانی کۆڕەویان نەکرد[3].

تەنانەت لە ئەورووپاش لە کاتی خۆپیشاندانەکانداو لە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ کوردە پەنابەرەکان چەندین هاوڵاتی بیانی هاوکاری کوردیان کردووە و لەگەڵ کورددا بوون وەك خەڵکانی (سویدی، ئەمریکای لاتینی، خەڵکانی تری ئەورووپی)، بەڵام نەبینرا ڕەوەند وڕێکخراوە عەرەبییەکان پشتگیری کورد بکەن، ئەمانە بەگشتی دۆستی صەدام بوون و پشتگیرییان لە بەعس دەکرد نەك کورد[4].

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا)، سلێمانی، ٢٠٠٨/١/٢٧.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.یاسین سەردەشتی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/١٣.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئاسۆ جبار)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٣/٥.
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.کەمال عەلی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/٢.

سیاسەتی وڵاتانی عەرەبی تەنها بێهەڵوێستی نەبووە تەنانەت ڕێگریان لە میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکرد کە رووماڵی کۆڕەوەکە بکەن و رایگشتی خۆیان و دنیا لە هەمبەر ئەو ڕووداوەدا تێبگەیەنن[١]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئیسلام بوون لە ناوەرۆکدا نەتوانرا بکرێتە پێوەرێکی مرۆیی و ئایینی کە هەستی هاوسۆزی بۆ مرۆڤ دروست بکات، بەڵکو سیاسەتی نەتەوەپەرستانە پێش سیاسەتی ئایینی توانی رایگشتی عەرەبی لەخشتەبەریت. بۆیە لەو هەڵویستەدا ناسنامەی ئیسلامەتی نەتەوەی کورد نەیتوانی ببێتە داکۆکیەك لە دادپەوەری نەتەوەیی بۆ وڵاتانی ئیسلامی[٢].

بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونانە دکتۆر کەمال عەلی دەڵێت:" من خۆم لە کاتی کۆڕەوەکەدا لە سوید بووم هیچ هاوکارییەکی وڵاتە عەرەبی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانم نەبینی و نەبیسترا، نە مادی و نە مەعنەوی، بەڵام کاتێك تۆپێك دەنرێت بە فەلەستینەوە ڕێپێوان دەکرا لە لایەن عەرەبەکان و موسڵمانەکانەوە، پارە کۆدەکرایەوە و هاوکاری فەلەستیەکان دەکرا، پشتیوانی و یارمەتی بۆ فەلەستینیەکان ڕەوا بوو، بەڵام بۆ کوردێکی ماڵ وێران و دەربەدەر ڕەوا نەبوو. بۆیە من دەڵێم ئەوان میللەتی کوردیان وەك بەشێك لە داگیرگەی خاکی عەرەبی هەژمار دەکرد، من پێم وایە لە ناوەوە بۆچوونە نەتەوەییەکە زاڵترە وەك لە بۆچوونە ئیسلامییەکەیان، چونکە فەلەستینیەکان موسڵمانن کوردیش هەڵگری هەمان ناسنامەی ئاینییە، بەڵام ئەمان لە بنچینەدا شۆڤێنین و لە سەرکەرەوەی عەرەبین نەك لە سەرکەرەوەی ئیسلامی، زیاتر عەرەبیەکەیان زاڵترە وەك لە لایەنی بیروباوەڕی ئیسلامییان وەك وتم بەو شێوەیە ئامادەن بۆ هاوکاری کردنی فەلەستینیەکان، بەڵام لە مەرگەساتی کۆڕەودا بێدەنگ بوون، نەك بێدەنگ بوون بەڵکو زۆرجار پشتگیرشیان لە سەدام کردووە"[٣].

لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بە گشتی هاوکاری کورد نەبوون لەبەرئەوەی ئەم دەوڵەتانە یەکێك لەو هۆکارانەی کە هەڵویستی مرۆییان لێچاوەڕێ نەدەکرا پەیوەست بوو بەوەوە کە لە ناوەرۆکدا نە دەوڵەتی دیموکراسی و نە دەوڵەتێکی دادپەروەر و مرۆڤدۆست بوون، بۆیە لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم دەوڵەتانە لە سیستمدا دیموکراسی نین، بۆیە چاوەڕێی هەڵوێستی مرۆڤانەیان لێنەدەکرا[٤]. (نەوشیروان مستەفا) وەك کەسایەتییەکی سیاسی جوڵانەوەی کورد دژ بە حکومەتەکانی عیراق ڕایەکی جیاوازی لەو ڕایانەی پێشووتر سەبارەت بە ڕۆڵی وڵاتانی عەرەب بۆ ئاوارەکانی کۆڕەو هەیەو لەم بارەیەوە وتویەتی:"ئێمە هاوسنور نەبووین لەگەڵ ئەواندا بەڵکو هاوسنور بووین لەگەڵ ئێران و ترکیادا تا ئەوان هاوکاری ئێمە بکەن، خەڵکەکەش بە کۆمەڵ کۆچیان کرد بۆ ئەو دوو وڵاتی، ئێران و تورکیا سنورەکانی خۆیان کردەوە بۆ ئاوارەکان و لەسەر سنور ئۆردوگایان بۆ ئاوارەکان دروست کرد، ئێمە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هاوسنور نەبووین وەك سعودیە یان وڵاتانی تری عەرەبی تا بزانین هەڵوێستیان چۆنە و بزانین باشن یان خراپن"[٥].

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلام عەبدوڵڵا)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/١٢.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابی)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.کەمال عەلی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/٢.
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٤.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیروان موستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٧.

بەڵام ئەم بۆچوونەی نەوشیروان موستەفا لە روویەکەوە لاوازە چونکە هاوکاری کردنی وڵاتانی عەرەبی نابێت تەنها پەیوەستی بکەین بە دراوسێ بوون و سنورەوە بۆ نمونە (سوید، ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، وڵاتانی ئەسکەندەنافیا) ئەم وڵاتانە هەرچەندە هاوسنوری کورد نین و چەندان کیلۆمەتر لە کوردستانەوە دوورن، ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ وڵاتە عەرەبیەکاندا وڵاتانی رۆژئاوا زۆر لە وڵاتە عەرەبیەکان دوورترن، بەڵام وڵاتانی رۆژئاوا هاوکارییەکی باشی ماددی و مەعنەوی کوردیان کرد تەنانەت منداڵێکی سویدیش ئامادەیە یاریە منداڵەکانی بفرۆشێت بۆ هاوکاری کردنی پەنابەرەکانی کورد، بەڵام وڵاتە عەرەبیەکان هەستی مرۆڤایەتیان نەجووڵاو هاوکاری کوردیان نەکرد. هاوکات زۆر وڵاتی عەرەبی هەن کە لە رووی سنوورەوە دوورن لە فەڵەستینییەکان، بەڵام بەردەوام هەڵوێستی پشتیوانیان سەبارەت بە پرسەکەیان نواندووە، بەشێکی وڵاتانی عەرەبی بەکردەوە لە شۆڕشەکانی کورددا دژایەتی جوڵانەوەی کوردیان کردووە.

لەم بارەیەوە حاکم رزگار موحەمەد ئەمین دەربارەی هاوکاری کردنی وڵاتە عەرەبیەکان دەڵێت:"ئێمە بەڵگەیەکمان لا نیە تا بتوانین بڵێین وڵاتانی عەرەبی هاوکاری کوردیان کردووە لە کاتی رووداوی کۆڕەودا، بەڵام (موعەمەر قەزافی) سەرۆکی لیبیای لێدەرچێت کە هەمیشە هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەو پۆزەتیفی بۆ بەرامبەر گەلی کورد هەبووە، هەرچەندە لە رووی جوگرافیەوە لە ئێمە دوورە، بەڵام رۆڵێکی باشی هەبووە لە مەرگەساتی کۆڕەودا پشتگیری کوردانی پەنابەری ئاوارەی کردووە جگە لە (موعەمەر قەزافی) هیچ کەسایەتی وڵاتێکی عەرەبی هاوکاری کوردیان نەکردووە، بەڵکو بگرە رۆڵی خراپیان بەرامبەر بە ئاوارەی کورد لەم کارەساتەدا هەبووە. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین وڵاتانی عەرەبی لە زۆربەی لە قۆناغەکاندا هاوکاری رژێمی بەعسەوە بۆ لەناوبردنی کورد"[١].

بۆیە ئەگەر بابەتیانە بڕوانینە رۆڵی کەسایەتیە عەرەبیەکان (موعەمەر قەزافی) کە هەمیشە هەڵوێستێکی باشی لە پاڵپشت کردنی نەتەوەی کورددا هەبووە ، تەنانەت زۆرجار هانی کوردی داوە دەوڵەتی سەربەخۆ ڕاگەیەنێت بە تایبەتی لە کاتی گۆڕانکارییەکانی وەك ڕاپەڕینی (١٩٩١)ی باشوری کوردستان، پرۆسەی ئازادکردنی عێراق (٢٠٠٣)دا.

عەبدولکەریم فەتاح نوسەر پێی وایە:" هەڵوێستی رەسمی دەوڵەتانی عەرەبی دەربارەی کۆڕەوی باشور کوردستان ئەوکاتە بێدەنگ بووبوون. لەمەڕ ئەو تراژیدیا مرۆییە، ئەوان هیچ چارەیەکی رەوایان پێ نیە بۆ گەلی کورد و کێشە رەواکەی، بەڵام نابێت ئەوە لەیاد بکەین، کە لە رێگەی هەندێ رێکخراوی ئیسلامی خێرخوازییەوە بە رێگەی ناڕاستەوخۆ چەند دەوڵەتێکی کەنداوی عەرەبی هەوڵی بەخشینی کۆمەك و یارمەتیان دا بەو کوردانەی کە دووچاری کۆڕەو بووبوون وەك کارەساتێکی مرۆیی، نەك وەك کۆمەك بۆ کێشەی رەوای گەلێك"[٢].

جێگەی باسە چەند رێکخراوێکی ئیسلامی لە چوارچێوەی وڵاتانی عەرەبیدا و لە سنورێکی

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (حاکم رزگار) سلێمانی، ٢٠٠٨/١/٨.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولکەریم فەتاح)، سەیدصادق، ٢٠٠٨/١٢/١٥.

بەرتەسکدا هاوکاری ئاوارەکانی کوردییان کرد، لەوانە رابیتەی ئیسلامی بوو کە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بە تایبەتی قەتەر، کە (د.عەلی قەرەداغی) کەسایەتی ئەکادیمی و ئایینی کورد سەرپەرشتی دەکرد هاوکاری خەڵکانی ئاوارەی کوردیان کرد، هەروەها ڕێکخراوی فریاکەوتنی (ئیغاسەی ئیسلامی) کە لە وڵاتی سعودییەوە دامەزرابوو هاوکاری کوردیان کرد بە تایبەتی لە کاتی گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی گوندە روخاوەکاندا[١].

بەڵام لە بەرامبەردا دەوڵەتانی سودان و جەزائیرش هاوکاری سەدامیان بۆ لەباربردنی ڕاپەڕین کردووە کە دواتر تراژیدیای کۆڕەوی لێکەوتەوە[٢]. بەگشتی لەسەر ئاستی دۆزی رەوای نەتەوەیی کورددا وڵاتانی عەرەبی بەشیوەیەکی گشتی پشتیوانی گەلی کورد نەبوون و روانگەیەکی نیگەتیڤیان سەبارەت بە ڕاپەڕین و کۆڕەو هەبوو، بەڵام لەسەر ئاستی چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئیسلامی توانراوە بەشێوەیەکی سنووردار هاوکاری مرۆیی بگەیەننە ئاوارەکانی کورد.

## بەشی دووەم: دەرهاویشتەکانی کۆڕەو لە میدیاو بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا

### باسی یەکەم: دەنگدانەوەی کۆڕەو لە ڕاگەیاندن و میدیا هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا:

بۆ رووماڵکردنی رووداوەکانی کۆڕەو پێویست بوو پشت بە میدیا هەرێمی و دەرەکییەکان ببەسترێت، چونکە لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕاگەیاندنی کوردی زۆر لاواز بوو، لەو قۆناغەدا تەنها پشت بە رادیۆ حزبییەکانی کورد دەبەسترا بەتایبەتی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و رادیۆی کوردستانی عێراق.

ڕاگەیاندن لە پێش ڕاپەڕیندا رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو لەسازدانی جەماوەرەدا بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ڕاپەڕیندا، لە کاتی ڕاپەڕینیشدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەبەر ئەوە هەواڵەکانی هەنگاو بە هەنگاو بڵاو ئەکردەوە، بەتایبەتی لە پرۆسەی ئازادکردنی ناوچە کوردییەکاندا و لەکاتی هەڵمەتی سەر دام و دەزگاکانی حکومەتدا، بەتایبەتی ڕادیۆ ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گەیاندنی فەرمانەکانی پیشمەرگە بە شانە چەکدارەکانی ناو شارەکان بۆ ئەوەی لە نێوان ئەوان و فەرماندەکاندا هەماهەنگی دروست بکات[٣].

هەرچەندە ڕاگەیاندنی کوردی زۆر بەرفراوان نەبوو، بەڵام لە کاتی ڕاپەڕیندا چەند ئێزگەیەك هەبوون، لە هەموویان کاریگەرتر ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بوو، کە خەڵك (بە ئێزگەکە) ناویان دەبردو ئۆرگانی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، هاوکات (ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق)یش کە ڕادیۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کاریگەری خۆیی هەبوو[٤].

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەرکان ڕەشید)، سەیدصادق، ٢٠٠٧/١١/٢٥.
٢. حسن کویستانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٦)، ١٩٩٢/٣/١٨.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین) سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٧.
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (شوان کەریم کابان)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٢٧.

بەڵام ڕاگەیاندن لە سەردەمی ڕاپەڕیندا تەنها ڕادیۆ بوو، لە پێشەوە دەنگی گەلی کوردستان ڕادیۆیەکی سەرەکی بوو ڕادیۆیەکی بزوێنەری کۆمەڵ بوو، هەموو ئەو جوڵانەی کە کران هەموو ئەو بەرنامانەی بۆ ڕاپەڕین داڕێژران ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەدا بینی ، بۆیە ئەگەر بڕیار بێت ڕۆڵ بدەینە ڕاگەیاندن لە ڕاپەڕینداو تەنانەت لە کۆڕەویشدا ئەوا ئەبێت ڕۆڵەکە بدەینە (دەنگی گەلی کوردستان)[١]. جگە لەو دوو ئێزگەیەش ڕادیۆیەکی دیکە هەبوو بە ناوی ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق کە ڕادیۆی حیزبی شیوعی عێراق بوو، بەڵام ئەم ئێزگەیە بە هۆی فراوانبوونی سنورەکان و ڕزگارکردنی ناوچەیەکی بەرفراوان لە کوردستان لە ڕاپەڕین دەنگی زۆر نەدەگەیشت، چونکە پێشتر لە شاخ تەنها دەنگی دەگەیتشە ناوچەیەکی بەرتەسك، بەڵام ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەنگی باشتر و ڕۆڵی کاریگەرتری لە وروژاندنی خەڵك و جەماوەر بۆ ڕاپەڕین بۆ هێرش کردنە سەر بارەگاکانی حکومەتی بەعس هەبوو [٢].

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پاش چۆڵکردنی سلێمانی لە کاتی کۆڕەودا یەك هەفتە کەمتر لە کارکەوت. دواتر کەوتەوە کارو ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرلەنوێ کۆکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەیەك گەیاندنەوەی خێزانە لێکدابڕاوەکان و گەڕاندنەوەی گیانی بەرەنگاری بۆ خەڵك و ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە بینی [٣]. لە لایەکی دیکەوە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان ڕۆڵی لەوەدا هەبوو لە کاتی کۆڕەوەکەدا لە ڕێکخستنی خەڵك و هەماهەنگی کردنی خەڵکی لە پیدانی ڕێنوینی لە ئۆردوگاو خیوەتەکاندا[٤]. (محمد مەلا قادر) سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کورد دەڵێ: "ڕاگەیاندنی کوردی باوەڕناکەم ڕۆڵێکی ئەساسیان هەبێت، لەبەرئەوە کۆڕەوەکە لە دەست کەس نەماو خەڵکەکە خۆی بڕیاری کۆڕەوی دا، هەرچەندە ڕاگەیاندنی کوردی ڕۆڵی هەبوو، بەڵام ڕۆڵەکە لاواز بوو لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنێکی بەهێزیان نەبوو، چونکە چەند ڕۆژێك بوو کوردستان ئازاد ببوو"[٥]، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ناکرێت ڕۆڵی (دەنگی گەلی کوردستان) پشتگوێ بخرێت، کە لە کاتی کۆڕەودا ڕۆڵێکی مرۆڤ دۆستانەی گرنگی هەبوو بۆ ئاوارەکانی باشوری کوردستان.

بەگشتی دەبوو پشت بە ڕاگەیاندنی دەرەکی ببەسترێت. لە کاتی ڕاپەڕیندا نزیکەی (٤٤) ڕۆژنامەنووسی دەزگا جیاجیاکانی ڕاگەیاندنی جیهان هاتنە باشوری کوردستان، کە گەلێ پەیامنیری کەناڵ و ڕادیۆ جیهانییەکان تییدا بەشداربوون، کاتێ هێرشی عێراق دەستی پێکرد و ڕاپەڕینەکە تێکشکا ئەو (٤٤) ڕۆژنامەنووسە کە لە سەرتاسەری جیهانەوە هاتبوون توانیان تا ئەندازەیەکی زۆر وێنەیەکی ڕاستەقینە لەسەر کۆڕەوی خەڵك لەسەر مردنی منداڵ و ژنی پیر و لە ئەنجامی هێرشەکانی عێراق بە جیهان بگەیەنن[٦]. چانسی کورد لەوەدا بوو کۆڕەو لە سەردەمێکدا بوو کە پرۆسەی جیهانگیریی

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمود سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٤/٢١.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (صوبحی مەهدی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/١/٢١.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.پشکۆ حمەتاهیر ئاغجەلەری)، سلێمانی، (٢/٣/ ٢٠٢٢)،
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیرون مستەفا ئەمین)، سلێمانی ٢٠٠٧/١١/٢٧.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمد مەلا قادر)، صلاح الدین، ٢٠٠٧/١١/١٧.
٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٧.

دەستی پێکردبوو، هەموو جیهان لە یەکتر نزیك بووبوونەوە لە هەمان کاتیشدا میدیا بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی جیهانی بڵاوبووبوویەوە بە جۆرێك دەست و باڵی گەیشتبووە هەموو قوژبنێکی جیهان[١]. میدیای جیهانی بە دواداچوونی ڕۆژنامەوانی وردی دەکرد بۆ ڕووداوەکان، بە دوای گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکاندا ئەگەڕا و میدیاکان خۆیان کار لەسەر ئەوە ئەکەن، کە ڕووداوی تراژیدیای وەکو کۆڕەو پیشانی جیهان بدەن. لە هەموو جیهاندا خۆپیشاندان هەیە، دیارە کۆڕەوویش بۆ خۆی خۆپیشاندانێکی مەدەنی بوو، کە بەو لێشاوە چەند ملیۆن کەس ڕوودەکاتە دەوڵەتانی دراوسێ[٢].ئەمەش کاری میدیا جیهانیەکان لەم ڕووە تراژیدیایەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەم کارەساتە مرۆییەدا هەڵسەنگاندنی وردی بۆ کردبوو[٣].

تۆمارکردنی وێنەکانی مەرگەساتی هەڵەبجە بە جیهاندا، گواستنەوەی وێنە زیندووەکانی کۆڕەوەکەی بەهاری (١٩٩١) بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە مەترسیەکانی سەر نەتەوەی کورد بە ئاگا بێتەوە[٤]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەردەمە کە کۆڕەوی تێدا ڕوویدا سەردەمی ڕووخاندنی بلۆکی سۆسیالیستی بوو بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت و سەرکەوتنی بلۆکی سەرمایەداری بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەر لە سەردەمی سیستەمی سەرمایەداری بوو کە گۆڕانکارییەکانی نێودەوڵەتی هاتە کایەوەو بە جیهانی بوون (Globalisaition) سەری هەڵداو ماس میدیا ڕۆڵی کارگیەری بینی لە گواستنەوەی ڕووداوەکانی دونیا بە تەواوی میللەتان[٥]. بێگومان میللەتی کورد خۆی وایکرد دونیا بیناسێت، نەك حزبە کوردیەکان، بەڵکو میللەتی کورد خۆی بوو، خۆی بە جیهان ناساند، ئەمەش لە ڕێگەی کەناڵەکانی جیهان بە ڕێگەی خۆپیشاندانێکی مەدەنی و کۆڕەو خۆی ناساند، کە هەموو دونیا بینیان کورد لە ترسی مەرگ و جینۆسایدو زیندانی کردن و کۆمەڵ کوژی، هەموو ئەمانە وایکرد، کە ببێتە دیکۆمێنتێکی جیهانی گەورەی مێژوویی، لە هەموو دونیادا ئەمەش سەلماندی کە دەوڵەتی عێراقی دەوڵەتێکی ستەمکارە، کە جینۆسایدی مرۆڤایەتی ئەکات و کوشتن و لەناوبردنی کۆمەڵگای کوردی دەکات، کە ئەمەش خەڵك خۆی بە میدیاکانی جیهانی ناساند، میدیای جیهانیش لە ئاستی ستانداردیکی نێودەوڵەتیدا کاردەکات بە پرۆتۆکۆڵ و بەڵگەنامەی زیندوو کاردەکات[٦].

بەشێکی زۆری کاریگەری ئەو میدیایانە بوو کە توانی بڕیاری (٦٨٨) دەربکات و ڕۆڵی ئەو هەموو ڕاگەیاندنە بوو کە توانی چەوساندنەوەی کورد، کە چەند ساڵ بوو ئەنفال و کیمیاباران ئەکراو گوند و شارەکانی ئەڕوخێنراو ڕاپێچی کۆمەڵگای زۆرەملێ ئەکراو تەعریب ئەکرا، بۆ ڕای جیهانی بسەلمێنێت کە ڕژێمی بەعس میللەتێك جینۆساید ئەکات واتە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٣/٤.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئاسۆ جەبار)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٣/٥.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (هەڤاڵ ئەبوبەکر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٣.
٤. ڕەسول مامەند، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٦١)، ١٩٩٤/٣/٧.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.دلێر احمد)،سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٦.
٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.ئامانج احمد مستەفا دلزار)، سۆران ، (٢٠٢٣/٣/٢٨).

کردنەوەی بە ڕووی میدیاکانی جیهاندا چەندە گرنگ بوو، کۆڕەو تەواوکەری ئەو گرنگیە بوو بۆ گەلی کورد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ بۆ جیهان، کە کورد ئەو ڕژێمە دەداتە دوواوە[١]. میدیای ئازاد زیاتر ڕۆڵی بینی لە گواستنەوەی ڕووداوەکان هەمیشە ماس میدیا توانیویەتی مەسەلەی میللەتێکی ژێردەستەی بە جیهان بناسێنێ، چونکە ماس میدیا چوارەمین دەسەڵاتە، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، بۆ نمونە کیمباران کردنی هەڵەبجە ئەگەر میدیای ئێرانی نەبوایە نەماندەزانی ئەم کارەساتە لە ڕاگەیانەکانی میدیای ئێران بڵاوکرایەوە ئەگەر نا شتەکە کپ دەکرایەوە بۆیە میدیا رۆڵی گرنگ ببینێ بۆ ناساندنی ڕووداوەکان بە هەموو جیهاندا[٢].

سەبارەت بە کۆڕەوی کوردیش بە تایبەتی میدیا ئێرانیەکان ڕۆڵی زۆر کاریگەریان بینی بۆ ئاوارەکان، ئەوان بوون ئەگەران بە ناو ئۆردوگاکانداو وێنەی کوردیان بۆ هەموو شوێنەکان ئەگواستەوە، وە دەرگایان لەسەر میدیای دەرەوە کردەوە کە بێن واتە ئەوان دووجار کاریگەری بوون، یەکەمیان خۆیان ڕوومالّی ڕووداوەکانیان ئەکرد دووەمیان ڕێگەیان دا بەو پەیامنێرانەی دەرەووەو پەیامنێرانی بێ سنوور کە بێنە ئێرانەوە و ڕوومالّی ئەو بارودۆخە بکەن کە بەسەر کوردا هاتبوو[٣]. لە لایەکی دیکەوە میدیا تورکییەکانیش ڕۆڵ و کاریگەری باشیان هەبوو لە پیشاندانی ئەم ڕوداوە تراژیدیایە بە دەرەووەو ڕێگەی کەناڵە جیهانیەکانی تریشیان دا کە وێنە ئەم ڕووداوە بە دونیا پیشان بدرێت[٤]. ئازاد جوندیانی لەم بارەیەوە دەڵێ:"من پێم وایە میدیا عەرەبیەکان رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبینیوە، سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی عەرەبیش من بە درێژایی ئەو ماوەیە کەناڵێکی عەرەبیم نەبینی کە ڕاپەڕین بوو هیچ پەیامنێرێکی عەرەبیم نەدی کە بۆ کەناڵێکی عەرەبی ئیش بکات و لە کۆڕەویشدا کەناڵە عەرەبیەکان ڕۆڵێکی ئەکتیڤیان نەبینی لە پیشاندانی ئەو ڕووداوە تراژیدیایەی کە میللەتی کورد دووچاری هاتبوو لەسەر دەستی ڕژێمی عێراقد"[٥]، تەنانەت میدیا عەرەبییەکان نەیانتوانی کارێکی وا بکەن کە وێنەی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی باشوری کوردستان لە میدیاکانی خۆشیانەوە پیشانی دونیا بدەن[٦].

بەڵام هاتنی میدیا جیهانیەکان بۆ سەر سنورەکان لەوانە هەندێکیان میدیای ئەڵمانیا هەوڵیاندا وێنەی ئەو کارەساتە بگرن لەسەری بنووسن و بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بگەیەنن بە جیهان، وێنەی کارەساتەکان بەتەواوی جیهان بگەیەنن و دۆست و لایەنگران و مرۆڤ دۆستانی کورد لەسەر ئەو ڕووداوە تراژیدیایە بێنە وەڵام و هەوڵیاندا وەك کارتێکی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی عێراق لە ڕێگەی ئەم میدیانەوە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەبووە[٧].

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (هەڤاڵ ئەبوبەکر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٣.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (بەهمەن حسێن)، سلێمانی، ٢٠٠٨/١/٢٨.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (هەڤاڵ ئەبوبەکر)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٣.
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئاسۆ جەبار)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٣/٤.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئازاد جوندیانی)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٦.
٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلام عەبدوڵلا)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/١٢.
٧. چاوپێکەوتنی لەگەڵ (د.یاسین سەردەشتی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/١٣.

هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی (بەریتانیای و ئەمەریکا و فەرەنسا) ڕۆڵی گەورەیان لە گویزانەوەی ئەو ڕووداوە تراژیدیای کە باشوری کوردستان هەبوو لەسەردەستی ڕژێمی عێراق دووچاری بووبوو[١]. وەك (CNN) ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی کاریگەری خۆی هەبوو لە کاتی کۆڕەودا[٢]، نوێنەری ڕۆیتەرس لە تراژیدیای کۆڕەودا ڕۆڵی کاریگەری هەبوو[٣]. کەناڵی (NBC) وێنەی خۆپیشاندەرانی کۆڕەوی پیشانی دونیا دەدا[٤] و کەناڵی (BBC) کە زیاتر ڕۆڵیان هەبوو لە گواستنەوەی ڕووداوەکان لە ناوخۆی کوردستان بۆ دەرەوەی کوردستان[٥]. هەرچی (A-P-T-N) کاری زۆر جدی کرد لەسەر کۆڕەو[٦]، پیشانی دنیایان دەدا.

ئاژانسی ئاسیۆشێتد پرێس و ئاژانسی ڕۆیسترس کە گەورەترین ئاژانسی جیهانین ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە کۆڕەودا[٧]. بە گشتی دەتوانرێ بوترێ ڕاگەیاندن توانی دەنگی دانیشتوانی باشوری کوردستان بگەیەنێتە جیهان لە کاتی کۆڕەوی بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا.

**باسی دووەم: کۆڕەوی کورد و بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی:**

دوای شەڕی کەنداو جۆرج بوشی باوک (١٩٨٩-١٩٩٣) لە وتارێکدا کورد و شیعەی هاندا بۆ ئەوەی دژی دەسەڵاتی بەعس ڕاپەڕن، بەڵام لە ترسی هەژموونی ئێران بەسەر ڕاپەڕینی شیعەدا لە باشووری عێراق، ئەمەریکا ڕێگای بە دەسەڵاتی بەعسدا کە ڕاپەڕینی شیعەکان سەرکوت بکات و دوو ملیۆن کورد ئاوارە بکات بۆ سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا، دوای ئەم کارەی حکومەتی عێراق لە ڕێککەوتی١٩٩١/٤/٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨)ی دەرکرد، ئەم بڕیارە خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ کوردی باشوور، چونکە بەهۆی ئەم بڕیارەوە خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان لە پەلاماری سەربازی حکومەتی عێراقی پارێزران، هەر لەم قۆناغەدا ئەمەریکا تەنها لە ڕووی مرۆیەوە گرنگی بە کوردی باشوور دەدا و پێیدەگوتن (کوردە باشەکان) بێ گوێدانە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان (باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، هاوکات مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دانی نا بە فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستاندا و لە کۆبوونەوە فەرمییەکاندا لەبری باکوری عێراق بۆ یەکەمجار هەرێمی کوردستانی عێراقیان بەکاردەهێنا[٨].

پاش ئەوەی هاوپەیمانەکان چاویان لە سوپای عێراق پۆشی بۆ ئەوەی بە زەبری هێز ئەو ناوچانە

---

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٧.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئازاد جوندیانی)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٦.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلام عەبدوڵڵا)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/١٢.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.کەمال عەلی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٢/٢.

5 .Remembering the Kurdish uprising of 1991//https://www.bbc.com/news/in-pictures-35967389.

6 .Jennifer Carlile: Kurds wary of U.S. promises// https://www.nbcnews.com/id/wbna3340581.

٧. مراد خۆشەڤی حسۆ، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق، پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق١٩٩٠- ٢٠٠٥، و: نوسەر، هەولێر، دەزگای ئاراس، ل٩٥.

[٨] ڕۆژهەڵات ویسي خالد، مشكلة المناطق المتنازع عليها/اقليم كوردستان، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة دهوك، كلية علوم الانسانية، مركز الابحاث العلميه والدراسات الكردية، دهوك، ٢٠١٢، ص٢٠٢.

داگیربکاتەوە کە رزگار کرابوون، بۆیە خەڵکی کوردستان لە کۆڕەوێکی مێژوویيدا بەرەو سنورەکان بەڕێکەوتن، بەوەش توانیان سۆزی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن[١]. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان[٢] بەهاندانی فەرەنسا، تورکیا ئێران لە (٥/نیسانی/ ١٩٩١)دا کۆبوونەوەیەکی سازدا بۆ باسکردن لە بڕیارنامەیەك تێیدا حکومەتی عێراق بەهۆی سەرکوتکردنی گەلی خۆی سەرکۆنە کرد[٣].

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە (فرانسۆ میتران)ی سەرۆکی فەرەنسا خاوەنی پێشنیاری ئەو بڕیارە گرنگە بوو لە ئەنجومەنی ئاسایش و هیمەتی سیاسی و دیبلۆماسیانەی بۆ کردو خاوەنی پرنسیپی (دەست تێوەردانی مرۆیش)، مسیۆ بێرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کە دۆستی نزیکی کوردە و لە هەشتاکاندا بەکاری مرۆیی لە کوردستاندا بووە[٤]، لە نزیکەوە ئاگاداری پیادەکردنی ئەو سیاسەتەی جینۆساید بووە، کە ڕژێمی عێراق لە دژی خەڵکی کوردستان پیادەی کردووەو دواتر توانی لەو کاتەدا کە وەزیری تەندروستی و یارمەتی مرۆی بوو لە حکومەتەکەی فرانسۆمیتراندا، هانی سەرۆك میتران بدات کە ئەو پرنسیپە لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی

١. خەلیل عەبدوڵلا: کێشەی کورد لەبەر ڕۆشنایی پەیمانی سیڤەرو بڕیاری دا، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ (١٣)، کانونی یەکەمی ١٩٩٨، ل١٠٠.

٢.ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای شەڕی دووەمی یهانی بۆ پشتگیری لە ڕوودانی شەڕو برەودان بە ئاشتی جیهانی پێکهات، ئەو هۆکارانەی بواریان بۆ پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە ڕەخساند، بریتی بوون لە: جاڕنامەی ئەتلانتیك، ڕاگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٤٢، ڕاگەیەنراوی ئاسایشی گشتی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ لە نێوان ئەمریکا و بەریتانیا و سۆڤیەت لە مۆسکۆدا مۆرکرا، کۆنفرانسی تاران لە ساڵی ١٩٤٢، کۆنفرانسیسکۆل لە ساڵی ١٩٤٥ ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە لایەن هێزێك لەو وڵاتانەی کە پێویست بوو دەنگی پێبدەن، پەسەند کراو، لەو ڕێکەوتەوە جێبەجێ دەبێ. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان: ئەنجومەنی ئاسایش یەکێکە لە هەرە هەیکەلە بەهێزەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو بەرپرسە لە ئاسایش نێودەوڵەتی، بەرپرسە لە گەڕانەوەی ئاشتی لە کاتی پەرەسەندنی ململانێ و پێکدادانەکان بڕیارەکانی لەسەر هەموو ئەندامەکانی جێبەجێ دەکرێت ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت یاخود دەسەڵاتی هەیە لە دەست نیشانکردنی ئەو هەڕەشەیەی کاریگەری هەیە بۆ سەر ئاسایش بۆ دیاریکردنی ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن وەڵامی ئەو هەڕەشانە بداتەوە و بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، داوای لە ئەندامەکانی دەکات کەوا کۆمەڵێك ئیش وەربگرن. بۆ نمونە ئەنجومەن دەتوانێت سزا یان گەمارۆی ئابووری بسەپێنێ وەك وەستاندنی بازرگانی لەگەڵ ولاتێکدا کە بە دەست درێژکار بزانرێت، هەموو جارێك کە ئاشتی تووشی هەڕەشە دەبێت. ئەنجومەنی ئاسایش خاوەنی (١٥) ئەندامە، کە (٥) ئەندامە هەمیشەیەیکە بریتین لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ڕووسیاو فەرەنساو چین) کە زۆرترین هێزیان هەیە، لەم ئەنجومەنەدا بۆ ئەوەی بڕیارێك وەربگرێت پێویست بە (٩) دەنگە، بەڵام هەریەك لەو (٥) ئەندامە هەمیشەییە مافی ڤیتۆی هەیەو دەتوانێت ڤیتۆ بەکاربهێنێت بۆ بڕیارە گرنگەکان، ئەم دەسەڵاتە بە مافی ڤیتۆی زلهێزەکان ناسراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (زاهیر محەمەد و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی،هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٦، ل ٣٢٩-٣٤٢ ؛ کارزان عومەر، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سلێمانی، چ١، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، ٢٠٠٧، ل ٢٤-٢٨.

٣. کەریم یەڵدز، کورد لەعێراق، و/ شاهۆ بورهان، ب.ن.چ، سلێمانی، خانەی وەرگێران، ٢٠٠٧، ل٨١.

٤ A Study Guide to the Work of Bernard Kouchner// https://www.carnegiecouncil.org/media/series/morgenthau/morgenthau-lectures-1981-2006-the-changing-role-of-humanitarianism-a-study-guide-to-the-work-of-bernard-kouchner.

نەتەوە یەكگرتووەكاندا بوروژێنێ و كار بـۆ چەسـپاندنی بكـات[١]. جگە لە پێشـنیارەكەی سـەرۆكی فەرەنسا (فرانسۆمیتران) ئەوەی بڕیاری (٦٨٨) هێنایە بوون، كەناڵەكانی میدیا بوو[٢].

جەنراڵ (بیكیلی) فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان بە شێوەیەكی جوان باسی كاریگەری دەزگاكانی ڕاگەیاندنی لەسەر ڕای گشتی جیهـان كـردووە، ئەو لە كـاتی سـەردانەكەی بـۆ ئۆردوگـای ئاوارەكـانی كوردی عێراق لە توركیا دەڵێت: "شتێك كە ئێمەی هێنایە ئێرە، كـامێرا بـووە لەبەرئەوە هەوڵ بـدەن مەسەلەكەتان جوان بە خەڵكی بناسێنن، هۆكاری بـایەخ پێـدانی دەزگاكـانی ڕاگەیانـدنی دونیـاو ڕای گشتی دونیا بە مەسەلەی ئاوارەو دەربەدەرەكان ئەوە بـوو كە ئـاوارەیی و دەربەدەری بـوونە زادەی هێرشی سوپای عێراق بوو بۆ سەر كوێت، سوپایەك چەند دڕندەو خوێنڕێژ و بێ بەزەیی بوو"[٣].

ئەو بڕیارەی كە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە دەرچوو لە میدیاكانـدا ئەم بڕیارە بە بڕیار كوردەكان ناوی دەركردبوو[٤].

بەم شێوەیە ڕاگەیادنە جیهانیەكان بە گەیاندنی هەواڵ و وێنەكانی ئەو كـوردانەی كە دووچـاری ئاوارەیی بوون، ڕۆڵێكی كاریگەریان بە گەیاندنی ئەو ڕووداوە تراژیدیایە كارەسـاتبارە لە گەلـی كـورد لەسەر دەستی بەعس گێرۆدەی بووبوو[٥].

بە پێی كارنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی سـكرتێری گشـتی بە ژمـارەی (S/22366) و هەردوو نـامەی نـوێنەری كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بە ژمـارە (S/2243) و (22447) لە مێژووی ١٩٩١/٤/٣ كە ئاراسـتەكرابوو بـۆ سـكرتێری گشـتی لە لایەن نـوێنەرانی دەوڵەتـی فەرەنسـاو توركیا بە ژمارەی (S/22435) و (S/22442) پەسەند كراوە[٦].

ئەنجومەن لە دەركردنی ئەم بڕیارەدا چەوساندنەوەی خەڵكی عێراق بە گشـتی و كوردسـتان بە تایبەتی سەركۆنە كرد و ئەنجامی ئەو چەوساندنەوەش بە گوێرەی بڕیاری تێدا هـاتبوو :"لە ئاشـتی و ئاسایشـی جیهـان دەكـات لە نـاوچەكەدا"[٧]. ئیـتر بە گـوێرەی ئەو بڕیـارەی ئەنجـومەنی ئاسـایش، هەروەكو پرۆفیسۆری فەرەنسی خاتوو بریجیت ستێرن ئاماژەی بۆ كردووە، كێشەی كوردسـتان بـووە كێشەیەكی جیهـانی و بە گـوێرەی دەسـتوری ڕێكخـراوی نەتەوە یەكگرتووەكـانیش ئەگەر ئاشـتی لە

١. كوردستان نوێ، ژ (٢١١)، ٢٠٠٠/٤/٤؛ The exodus begins// https://www.theguardian.com/world/2003/mar/18/iraq1

٢. سەعدی ئەحمەد پیرە، بڕیاری (٦٨٨) جێگای خۆی دەگرێت، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ (٢١١٢)، ٢٠٠٠/٤/٥.

٣- عەلی حەمە شەریف، خوێندنەوەیەك بـۆ بڕیـاری (٦٨٨) ئەنجـومەنی ئاسـایش، ڕۆژنـامەی هەواڵ، ژمـارە (٢٧٣) ، ٢٠٠٨/٤/٥.

٤. ئیسماعیل عەلی عەبدولقادر، مافەكانی مرۆڤ و سەرنجێك لە بڕیاری ی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ (٢١١٢)، ٢٠٠٠/٤/٥.

٥.عبدالفتاح عبدالرزاق، مبدأ عدم التدخل وفي القانون الـدولي عـام دراسـة تحليليـة، چ١، هەولێـر، دەزگـای موكریـان، ٢٠٠٢، ل ٣٧٨.

٦. چێنەر عەلی جۆلا، لەساڵیادی بڕیاری (٦٨٨)دا، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ (٢١١١)، ٢٠٠٠/٤/٤.

٧. د.مارف عمر گوڵ، كەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلـی كـورد،چ٢، سـلێمانی، سـەنتەری لێكـۆڵینەوەی سـتراتیژی كوردستان، ٢٠٠٥، ل ٩٥.

ناوچەکەدا بشێوێت، ئەوا هێزی بەکارهێنان بۆ پاراستنی ئاشتی، ڕەوایی وەردەگرێت[١].

ئەم گۆڕانکاریە بوو وایکرد (ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا) مۆڵەت لە (UN) نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرن و بە هێزی سوپا بچنە ناو باکوری عێراق و یارمەتی کوردەکان بدەن[٢].

لەم سۆنگەیەوە فەرەنسا و پاشان بەریتانیاو دواتر ئەمریکا، لەبەر ئەنجامی کۆمەڵێك بۆچوون و پرۆژە بۆ پاراستنی ئاوارەکان لە هەڕەشەی برسیەتی و ئاوارەیی و مەترسی عێراق لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری (٦٨٨)، لەلایەن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (جۆن مێجەر)، پێشنیاری بیرۆکەی ناوچەی پارێزراو کرا، لە لایەن ئەمریکاوە لە ژێر ناوی ناوچەی (دژەفڕین - No. Fly Zone) چووە بواری جێبەجێکردنی لە (بنکەی ئەنچەرلیك)ەوە فڕۆکە ئەمریکییەکان ناوچەکەیان لە فڕۆکە عێراقیەکان گرت[٣]، دواتر (ئۆپراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی - Operation Provide Comfort) بۆ ئاوارەکان لە لایەن سوپایەکی نێودەوڵەتی فرە ڕەگەزەوە کە (٩٤٩٣١) سەرباز بوون دەست پێکرا. بۆ فەراهەم هێنانی ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش، تا ئاوارەکان بە دڵنیایی لە ژیانیان و دوور لە مەترسی سوپای عێراق بۆ شارو شارۆچکەکانی خۆیان بگەڕێنەوە ئەم هێزە تا مانگی (سێپتێمبەری ١٩٩١) کاری سەرەکی خۆیان تەواوکرد[٤].

خاڵێکی گرنگ لە بەرئەنجامە باشەکانی بڕیاری (٦٨٨) ئەوە بوو کە بە زوویی ئامرازو ئالەتی پیادەکردنی بۆ دانراو پاراستن و پاسەوانێتی دانران، بە تایبەتی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەریانەوە (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لە ١٩٩١/٤/١٦دا حکومەتی ئەمریکا ئاگاداری دەسەڵاتدارانی عێراقی کرد، کە فڕینی فڕۆکە عێراقیەکان لەسەرو هێڵی پانی (٣٦)قەدەغەیە[٥]، ڕۆژێك دوای ئەوەی هێزەکانی (ئەمریکا - بەریتانیا - فەرەنسا - هۆڵەندا - ئیتالیا - ئیسپانیا - ئوسترالیا) هاتنە هەرێمی کوردستان، بنکەیەکی سەرکردایەتی سەربازیان دامەزراند کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم بنکەیە چاودێری کردنی هێزەکانی عێراق بوو بۆ ملکەچبوون بە بڕیاری (٦٨٨) و جێبەجێکردنی بەندەکان[٦].

بێگومان گۆڕانی هاوسەنگی هێزو پاشەکشەی یەکێتی سۆڤیەت وەك زلهێزێك و بەهێزبوونی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وایکرد یەکێتی سۆڤیەت مافی ڤیتۆ دژی پرۆژەی بڕیاری (٦٨٨) بەکارنەهێنێ، هەرچەندە گازندەی لەسەر ناوەرۆکی بڕیارەکە و بەرەنجامە پێشبینکروەکانی نیشاندا،

١. هـ .س، ل ٩٥.
٢. کۆمەڵێك نووسەر، ناپەسەندەکان، و: ئازاد مەولود، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، ل ٥٤-٥٥.
[٣] هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندیە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ل٥٣ (ماستەرنامە).

٥. ناوچەی سەروی هێڵی پانی ٣٦ی باکور: ئەم ناوچەیە دوای ناوچەی ئارام پەیدابوو. سنورەکەی (لە باکورەوە - تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە - ئێران، لە ڕۆژئاو- سوریایە، لە باشوردا هێڵی پانی ٣٦ باکور، کە بە باشوری مەرگە، ئاوبەندی دوکان، کۆیە، قوش تەپە، گوێر، ئەل بەعاج، شەدادی لە دوایشدا سنوری نێوان C4K عێراق و سوریا دەبڕێ و بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عەبدوڵلا غەفوور، سنوری کوردستان، چ٣، هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦، ل ٢٠-٢٢.
٦.جەمال گردەسۆری، ئەو بڕیارەی کوردی پاراست، ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٢٨١١)، ٢٠٠٨/٤/٧.

هەر بۆیە پرۆسەی وەرگرتنی ئەم بڕیارە بە هەنگاوێکی نوی لە چۆنیەتی دەرکردنی بڕیار لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەقەڵەم دەدرێت[١].

بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش بوو، کە بە پێی ئەوە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانی (خافێر پێرێزدی کویلار) نوێنەرێکی خۆی ناردە کوردستان و ناوچەی ئاوارەکان بۆ چاودێری کردنیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، دروستکردنی چەندین چادرگا بۆ ئاوارەکان هەر لە ناوچەکانی باشوری کوردستان بە تایبەتی ئەو ناوچانەی دەکەونە باکوری هێڵی (٣٦)ی پانییەوە ئەو پرۆسەیە ناونرا (operation provide comfort - پرۆسەی ناردنی ئاسودەیی و دڵنیایی) ئەمە جگە لە پاراستنی ئامانی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ سەر بەشێکی باشووری کوردستان کە یارمەتیەکی نیودەوڵەتی زۆر باش بوون[٢].

ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بوون بە زۆرینەی (١٠) دەنگ بەرامبەر بە (٣) دەنگ دژ ئەوانیش (کوبا، یەمەن، زیمبابۆی) بوو، هەرچەند هند و چین لە بەرامبەر بڕیارەکە بێدەنگ بوون[٣].

دژایەتی کردنی بڕیارەکە لە لایەن کوباوە دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی نێوان کوبا و ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا هەبوو دژی ئەم بڕیارە دەنگی دا دژایەتی یەمەنیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەمەن وڵاتێکی عەرەبیەو زیاتر هاوسۆزی ڕژێمی عێراقی و صەدام حسێن بوو.

**یەکەم: هۆکارەکانی دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨:**

**١-** داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو پێشێلکردنی سەروەری وڵاتێك بوو، بە هیچ جۆرێك نەدەکرا چاوپۆشی لێ بکرێ چ وەك دۆزێکی یاسایی بێت یا سیاسی یا مرۆیی بۆیە هەر لەگەڵ داگیرکردنی کوێت سەرجەم ڕاگەیاندنەکانی جیهان بە تایبەتی ڕاگەیاندنی ئەمریکاو ئەوروپا، بە مەبەستی زیاتر بێزراوکردنی لە لایەن ڕای جیهان هەرچی کارو کردەوەی دزێوی ڕژێمی عێراق هەبوو، کە چەندین ساڵ بوو لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بێدەنگیان لێکردبوو لە ڕای جیهانیان شاردبوووەوە خستیانەڕوو[٤].

**٢-** بە هۆی ئەو ڕابردووە خراپەی کە ڕژێمی عێراق بە گەلانی عێراق بە گشتی و کورد بە تایبەتی ئەنجامی دابوو، لە کیمیاباران و ئەنفال و شوێن بزرکردن و ئاوارەکردن. هەموو ئەوانەی کرد گەلانی عێراق بە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆر ڕاپەڕین، بە جۆرێك لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانیان لە سەرجەمی (١٨) پارێزگای عێراق (١٤) پارێزگا ئازاد بکەن، بەمە ئەم

١.عومەر نورەدینی: سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، س.پ، ل ١٣٧.

٢.هاوڕێ باخەوان، کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – کۆمەلایەتی – ڕامیاری ، سلێمانی، دەزگای چاپ و بەخشی بەخشی سەردەم، ٢٠٠١، ل ١٨٥-١٨٦.

٣. شەماڵ عەبدوڵلا، سروشتی یاسایی بڕیاری (٦٨٨) بۆ چۆنیەتی کاراکردنی، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، ٢٠٠٢، ل ١٥.

٤.هـ . س، ل١١.

ڕاپەڕینە سەرنجی رای جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشا[١]. بابەتی سەرەکی لە دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ سەرکوتکردنی خەڵکی سڤیل بوو ئەمەش بۆ وەستاندنی ئەو بارودۆخە بووە[٢].

**٣-** بوونی ژمارەیەکی زۆر پەیامنێری میدیا جیهانیە بیانیەکان لەکاتی شکستی ڕاپەڕیندا. دواتر دروستبوونی تراژیدیای کۆڕەوی باشوری کوردستان، گەیاندنی ئەم کارەساتە سامناکەیە بەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانی جیهان، هەست و سۆزو ویژدانی تەواوی جیهانی بەرەو گەورەیی دۆزی کورد ڕاکێشا[٣].

**٤-** ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە پەڕاگەندەی سنوری ئێران و تورکیا ببوون، هەردوو دەوڵەتی ناچار کرد نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بە فەرمی ئاگادار بکەنەوە لەوانە دوو نامەی یەك لە دوای یەکی ٢٢٤٣٥ و ٢٢٤٤٢ لەلایەن هەریەك لە نوێنەری هەمیشەیی تورکیاو فەرەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٣ و ٤ی نیسانی ١٩٩١ کە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش کرا، هەروەها هەردوو نامەکە لە نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٣ و ٤ی نیسانی ١٩٩١ یەك بە دوای یەك بە ژمارە ٢٢٤٣٦ و ٢٢٤٤٧ ڕەوانەکرا[٤].

**٥-** هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی هەموو ئەو خەڵکانەی کە دووچاری ئاوارەیی بوو بون و گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و جێگەو ڕێگەی خۆیان و پاراستنیان لە هێرش و پەلاماری حکومەتی عێراق، چونکە ئەو کۆڕەوە بە جۆرێك بوو بۆ یەکەم جارە خەڵك لە مردن ڕابکات[٥].

**شەشەم:** جموجوڵ و هەوڵە دیبلۆماسییەکان و کەسانی نیشتمان پەروەرو دۆستەکانی کورد لە دەرەوە گەیاندنی ئەم ئازارەی تێی کەوتبوون بە جیهان ڕۆڵی خۆی بینی لە دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)[٦]. کە هۆکاریك بوو بۆ گەڕانەوەی خەڵکی ئاوارە بۆ زێدی خۆیان.

### یەکەم: بایەخ و گرنگی بڕیاری (٦٨٨):

**١-** لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە: بۆ یەکەمین جار لە مێژووی چالاکی و تێکۆشانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دۆزی کورد لە چوارچێوەی بڕیارێکی سەربەخۆ دەچێتە ناو کارنامەی گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و لە میانەی بڕیارێکی تایبەتدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکۆنەی ستەم و چەوسانەوە و پێخواست بوونی مافی مرۆڤی کورد دەکات، گوێی دەدا بە پرنسیپی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و داوای وەدیهێنانی مافە سیاسی و مرۆییەکان دەکات، یەکەمین جارە لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی کورددا هێزێکی ئاشتی پارێزی

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.سامان حسێن احمد)،سلێمانی، (٢/٢/ ٢٠٢٢)،.
٢. عبدالفتاح عبدالرزاق، س . پ، ل٣٨٣.
٣. شەماڵ عەبدوڵڵا، س.پ، ل١٠.
٤. هـ . س، ل١١-١٢.
٥.چاوپێکەوتن لەگەڵ (د. دلێر ئەحمەد) سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٦.
٦.چاوپێکەوتن لەگەڵ (د. ڕەفیق سابیر)، سلێمانی ٢٠٠٧/١٢/٤.

نێودەوڵەتی بێتە خاکی کوردستان ببێتە نێوەندی چالاکی دەیان ڕێکخراوی مرۆیی ناحکومی و گۆڕەپانی کارکردنی ئاژانسەکانی UN[1].

**٢-** لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی: بریتیە لە داکۆکی کردن لە هاوڵاتیانی عیراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی[2].دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) ئاکامە مرۆییەکانی، وایکرد کە UN هەنگاوی تری هاوشێوەی بهاوێت، وەکو ئەو کارانەی سەبارەت بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان کردبووە مایەی دەربازبوونی گەلی کوردستان لە کارەساتێکی مرۆیی گەورە پیشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد زیاتر بۆ جیهان ئاشکرا کرد، تاوانەکانی بەعسی بە چەندین بەڵگەنامە خستەڕوو بە شێوەیەك کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گومانی لەسەر جینۆسایدکردنی کورد لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە نەما[3]. دەرگای کوردستانی والاکرد بۆ گەیشتنی ڕێکخراوە مرۆییەکان و یارمەتی دانی ئاوارە و هەژاران[4].

**٣-** لەڕووی سیاسیەوە بڕیاری (٦٨٨) هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی لە باری بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم ڕەخساند، کە هاتەدی ئەو ئامانجە مەزنە گەلی ئەستەم بوو، خاڵی وەرچەرخان بوو لە بە سیاسی بوونی دۆزی کورد و دەربازبوونی لە مەسەلەیەکی رووتی مرۆیی[5] و ئەم بڕیارە بوو دۆزی کوردی بەنێودەوڵەتی کرد، چونکە دەرچوونی ئەو بڕیارە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی بووە مایەی ئامادەبوونێکی نوێی دۆزی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەبەرئەوەی لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و لە پاش پەیمانی سیڤەرو ڕێکەوتننامەی لۆزان و دوای کۆمیسیۆنی دادوەری (کۆمەڵەی گەلان) لە ساڵی ١٩٢٥ کە پەیوەست بوو بە کێشەی ولایەتی موصڵ ئەمە یەکەمین بڕیارو بەڵگەنامەی (UN) و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیە کە ناوی کورد دەبات و بە مەبەستی بەنێودەوڵەتی بوونی دۆزی کوردی بەرەو پێشەوە برد[6].

**٤-** یەکێك لە ئەنجامە باشەکانی بڕیاری (٦٨٨) ئەوە بوو کە بە زوویی ئامرازی پیادەکردنی بۆ پاراستن و پاسەوانیەتی بۆ دانرا، بە تایبەت لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە لەسەرویان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە حکومەتی عێراق دەسەڵاتدارانی عێراقی ئاگادار کردەوە کە فڕینی فڕۆکە عێراقیەکان لەسەر هێڵی پانی (٣٦) قەدەغەیە[7]. دواتر هێزەکانی (ئەمەریکا- بریتانیا - فەرەنسا - هۆڵەندا - ئیتالیا - ئیسپانیان - ئوسترالیا) هاتنە ناو خاکی باشوری کوردستانەوە بنکەیەکی

١.عومەر نورەدینی، سەروەری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، ل١٢٤؛ نەوزاد موهەندیس، بڕیاری (٦٨٨) کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٥)، ٢٠٠٣/٤/٩.

٢.محمد مێرگەسۆری، ڕاپەڕین و وەرچەرخانی خەبات، ڕۆژنامەی هەواڵ، ژ (١٧٢) ٢٠٠٦/٣/١١.

٣.عومەر نورەدینی، سەروەری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، ل١٢٤-١٢٥.

٤.عەلی حەمە شەریف، ڕاپەڕین و وەرچەرخانی خەبات، ڕۆژنامەی هەواڵ، ژ (١٧٢)، ٢٠٠٦/٣/١١.

٥.عومەر نورەدینی، سەروەری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، س . پ، ل١٢٥.

٦.خلیل عەبدوڵلا، بڕیاری (٦٨٨) لە نێوان جێبەجێکردن و پێشێلکردندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٢٥٥)، ١٩٩٦/٤/٥.

٧.چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٧.

سەرکردایەتی سەربازیان دامەزراند پاشان بوو بە نوێنەری سایسی و دبلۆماسی هێزە هاوپەیمانەکان، کە لە ئەرکەکانی ئەو بنکەیە بریتی بوو لە چاودێری کردنی ڕژێمی عێراق بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا عێراق ملکەچی مەرجەکانی بڕیاری (٦٨٨) دەبێ و ڕەچاویان دەکات یا نا[١]. بۆ ئەم مەبەستە بنکەی ئەنچەرلیك لە شاری سلۆپی تورکیا دامەزرا لە (نیسانی ١٩٩١)ەوە، لە دوای دەروچونی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوەنی ئاسایشەوە دامەزراوە کە لە لایەن فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا و بەرتیانیا و فەرەنساوە بەشداریان لە پاراستنی زۆنی ئەمنی (باشوری کورستان)دا کردووە[٢].

کە ئەمەش لەسەر ڕەزامەندی پەرلەمانی تورکیا لە مانگی (نیسانی١٩٩١)، ڕەزامەندی لەسەر بەکارهێنانی بنکەی ئەنچەرلیك دەربڕی. تورکیاش بە چوار فڕۆکەی جەنگی بەشداری تێداکرد لە ئۆپراسیۆنی چەکوشی ئامادە لە کۆی (١٤١٦) سەربازگە بە بەردەوامی (٧٤) سەربازی تورکی هەبووە، هەروها لە نوسنیگەی (MCC) هەمیشە لە کۆی (١٠) ئەفسەری هاوپەیمانان (٢) ئەفسەریان سەر بە سوپای تورکی بوون[٣]. بنکەی ئەنچەرلیك لە ساڵی ١٩٥٠ دروست بوو لە دوای کۆڕەوی باشوری کوردستان دروست نەبوو بنکەیەکی کۆنی ئەمریکییەکان بوو خۆی ئەمریکا ئەنجەرلیکی بەکرێ گرتبوو لە تورکیا لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە ئەو بنکەیە پەناگەی ئەمین بووە، بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمریکا نەیتوانی لەو بنکەیەوە بێتە عێراق، چونکە ڕێگەی تری نەبوو نە لە سوریاو نە لە ئێرانەوە ڕێگەیان نەدا نە ئەردەن و کوێت ڕێگەی دا ئەگەر ئەردەن و کوێت ڕێگەیان بایە هیچ شوێنێکی وا نەبوبێتە کوردستان تەنها لە تورکیاوە دەیان توانی بێنە کوردستان، بۆیە بنکەی ئەنجەرلیکیان هەلبژارد[٤].

٥- بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی بڕیاری (٦٨٨) وە نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەوەدا نا کە گەلی کورد تووشی ئازارو داپلۆسین و چەوسانەوە هاتووە لەسەر دەستی ڕژێمی عێراقدا کە ئەمە وایکرد کێشەی کورد ببێتە کێشەیەکی سەرنج ڕاکێش و مەسەلەی کورد لە کۆڕو کۆبوونەوە فەرمی و نێودەوڵەتییەکاندا بە ئاشکرا باسی لێوە بکرێت و دەروازەی دونیای لەسەر مەسەلەی کورد کردەوە چەندەها ڕێکخراوی حوکمی و ناحکومی خێرخوازو مرۆڤ دۆست ڕوویان کردە کوردستان بە مەبەستی کۆمەك وچارەسەری کێشە و مەینەتییەکانی کورد[٥].

لە مێژووی ئەنجومەنی ئاشایشدا یەکەمین جارە بڕیارێکی وا دەربکرێت. هێزەکانی بنێرێت بۆ وڵاتێك کە گەلەکەی لە هەڕەشەی حکومەتەکەی خۆی بپارێزرێن. لە مێژووی خەباتی گەلی کوردا یەکەمین جار بوو کێشەکەی لە چوارچێوەی ناوخۆی وڵاتدا بچێتە دەرەوەو بگاتە بەردەم کۆمەڵگای نیودەوڵەتی، بەمەش کێشەی کوردی لە کێشەیەکی ناوخۆییەو کردە کێشەیەکی جیهانی و توانی ڕای

---

١.جەمال گردەسۆری، ئەو بڕیارەی کوردی پاراست، ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٢٨١١) ٢٠٠٨/٤/٧.

٢.بنکەی ئەنچەرلیك دێتە کورستان، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژ ٨٩، ٢٠٠٧/١٠/٢.

٣- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، س . پ، ل٥٤.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ، (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠٧/١١/٧.

٥.نەوزاد موهەندیس، بڕیاری (٦٨٨) کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٥)

گشتی جیهان بۆ کێشەکەی مسۆگەر بکات[١]. بڕیاری کاریگەر گەورەی هەبوو لەسەر ڕەخساندنی زەمینە سازی و کاردانەوەیەکی باشی لەسەر ڕای جیهان و جۆرو شێوازە ترسناکەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤی کورد هەبووە چونکە تا ئەوکاتە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لێکۆڵینەوەو چاودێرانی مافی مرۆڤ ولیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە (UN) نەیان دەتوانی بە ئازادیی بێنە ناوچەکە و کوردستان و زانیاری پێویست وەربگرن و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکەن و بەڵگەنامەیان دەستکەوێت، ئەو هەلومەرجە سیاسی وئەمنییەی دوای ئەو بڕیارە لە کوردستان هاتەئاراوە و بوو بە دەروازەیەك بۆ گەشتن بە جەوهەرو کرۆکی ئاست و ڕادەی پێشێلکردنی مافی کورد و ناساندنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بە بڕیاری گشتی فەرمی و نافەرمی بەمەش لیژنەی مافی مرۆڤ سەر بە (UN) بڕیاری سەرەکی بۆ چاودێری بەدواداچوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق دامەزراند[٢].

٦- لەسەر ئاستی جیهانی ئەم بڕیارە گۆڕانکاری لەناو خوێندنەوەی فیکری سەبارەت بە ئازادی و مافی مرۆڤ دروست کرد، پیشتر ڕێکخراوی نەتەو یەکگرتووەکان دەست تێوەردانی لە پرسی ناوخۆی وڵاتاندا لەبەر بەندی (٢) لە پاژی (٧) جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەدەکرد بۆ یەکەمین جار دەست تێوەردان بە پێی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا ئەنجام درا، بۆ پاراستنی مافی کورد و شیعەکان ئەم بڕیارە کاریگەری زۆری لەسەر بڕیارەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان وەك بڕیاری (٧٤٣) لە شوباتی ١٩٩٢ کە زەمینەی دەست تێوەردانی لە بۆسنیا و هێرزۆگۆڤنیاوە ڕەخساند[٣].

٧- لایەنێکی هەرە گرنگی ئەم بڕیارە ئەوە بوو کە جۆرێك لە ئارامی و ئاسودەیی بۆ کوردانی ئاوارە ڕەخساند کە لە ئۆردوگاکانی خێوەتگاکاندا ژیانێکی قورسیان دەگوزەراند، دەرکردنی ئەم بڕیارە وایلێکردن کە گەیشتە ئەو بڕوایەی بگەڕێنەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی خۆیان[٤].

ئەنجومەنی ئاسایش ئەوپەڕی بایەخی خۆی دا بە ئاوارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان بە زووترین کات داوای لە سکرتێری گشتی کرد کە هەموو داهاتی بەردەستی خۆی لەوانە داهاتی ئاژانسەکانی (UN) بۆ دابینکردنی پێداویستی ئاوارەکان بەکاربهێنێ، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە کێشەی کورد کێشەی ڕەوای نەتەوەیەکی ستەم لێکراوەوە لەلایەن حکومەتەکیانەوە مافیان پێشێل دەکرێت[٥].

٨- بڕیاری (٦٨٨) بە سەرچاوەیەکی گوشار هەڵقولین بۆ سەر ڕژێمی بەعس بۆ کۆت و بەندکردنی لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا، ئەمەش لەلایەك هەرەشەی گەڕانەوەی هێزی حکومەتی عێراقی بۆ کوردستانی ئازاد کەم کردەوە، ڕەوتی لە دەستدانی ڕژێم بۆ سەرداریتی ڕەهای

١.عەلی حەمە شەریف، خوێندنەوەیەك بۆ بڕیاری (٦٨٨) ئەنجومەی ئاسایش، ڕۆژنامەی هەواڵ، ژ (٢٧٣) ٢٠٠٨/٤/٥.

٢. جەمال گردەسۆری، ئەو بڕیارەی کوردی پاراست: ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٢٨١١) ٢٠٠٨/٤/٧.

٣.عومەر نورەدینی، سەرەوری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، ل١٢٥.

٤.خەلیل عەبدوڵڵا، س . پ، ل١٠٢.

٥.عەلی حەمە شەریف، خوێندنەوەیەك بۆ بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕژنامەی هەواڵ، ژ (٢٧٣)، ٢٠٠٨/٤/٥.

دەوڵەتی عێراقی بەگوڕتر کرد، زەمینەی دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراسی فیدراڵی لە عێراقی ئایندەدا ڕەخساوتر کرد[١].

**٩-** کوردستانی باشور وەك ناوچەیەکی ئازاد و ئارام و دوور لە دەستەڵاتی بەعس بووبووە ئەو ناوەندە کاریگەرەی کە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە ڕیکخستنەوەو بوژاندنەوەی ئۆپەزسیۆنی عێراقی و ئاراستەکردنی ڕیکخستنەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس، هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە سەرنگومکردنی عێراق[٢].

**١٠-** ئەگەرچی ئەو بڕیارە مەرامێکی مرۆیی بەخۆوە گرتبوو بە ناو دوور لەلایەنی سیاسی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی سیاسی و ستراتیجی هەبوو. بۆ پێگەیەك و هەنگاو ئایندەی پێ هاویژراو لێکەوتەوە بەرگێکی نێودەوڵەتی وەبەر کێشەی کوردستان کردەوە، کە دەمێك بوو خنکێنرابوو لەناو کێشەی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو[٣].

١.عەلی حەمە شەریف، خوێندنەوەیەك بۆ بڕیاری ی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕۆژنامەی هەواڵ، ژ (٢٧٣)، ٢٠٠٨/٤/٥.
٢.عومەر نورەدینی، سەرەوری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، ل١٢٥.
٣.کاوە نادر قادر، ڕۆڵی نەوت لەچارەنووسی گەلی کوردستاندا ، سلێمانی، ڕووناکبیری (ی. ن. ك)، ٢٠٠٨، ل٣٦٣.

## ئەنجام

یەکەم: کۆڕەو دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە ناو میدیاو راگەیاندنە نیودەوڵەتییەکاندا هەبوو، کە ئەمەش هۆکاریکی سەرەکی بە دەنگەوەهاتنی نێودەوڵەتی بوو سەبارەت بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد.

دووەم: هەرچەند کۆڕەوی باشووری کوردستان لە ١٩٩١دا یەکێك بوو لە رووداوە تراژیدییەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد، بەلام لە دەرهاویشتەیدا دۆزی نەتەوەیی کوردی خستە قۆناغێکی گرنگی گەمە سیاسی و نێودەوڵەتییەکانەوە.

سێهەم: رەوەندی کوردی لە خۆرئاوادا بە هەڵوێست و بە چالاکییەکانیان توانیان لەرووی مرۆییەوە بە بەرژەوەندی خەڵکی ئاوارەو پەنابەری کورد رای گشتی ئەوروپا بهیننە دەنگ و بەجدی ئاوڕ لە پرسی نەتەوەیی کورد بدرێتەوە.

چوارەم: وەك هەمیشە وڵاتانی عەرەبی هەڵوێستێکی نەرینییان لەهەمبەر رووداوێکی تراژیدی لەو جۆرە نواند و نەیانتوانی لەدەرەوەی گەمەی سیاسیی عروبەو گوتاری فریودەرانەی حزبی بەعسەوە هەڵوێستیکی مرۆیی مێژوویی بنوێنن.

پێنجەم: لە دەرهاویشتەکانی کۆڕەوی کورددا گەلێ دەرهاویشتەی گرنگ و بڕیاری چارەنوسساز سەبارەت بە ئایندەی کورد لەسەر ئاستی هەریمی و نیودەوڵەتی هاتنە ئاراوە، کە گرنگترینیان بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش و دروستبوونی نیوچەی دژە فڕین بوو کە تییدا بەربەست لەبەردەم گەڕانەوەی حکومەتی عیراقی دروست بوو.

## سەرچاوەکان

**یەکەم/ کتێبەکان:**

**أ. کتێبە کوردیەکان:**

١.ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، راپەڕینی ئاداری (١٩٩١)، لە باشووری کوردستان، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، ل١١١-٢٠٠٠).
٢.ڕزگار عەزیز محەمەد، راپەڕین بە هێزو بازووی جەماوەرو پێشمەرگە بوو، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٢.
٣.روژهەڵات ویسي خالد، مشكلة المناطق المتنازع عليها/اقليم كوردستان، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة دهوك، كلية علوم الانسانية، مركز الابحاث العلميه والدراسات الكردية، دهوك، ٢٠١٢.
٤.زاهیر محەمەد و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی بارەش ، ب.ن.چ، ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٦.
٥.شەماڵ عەبدوڵڵا، سروشتی یاسایی بڕیاری و چۆنیەتی کاراکردنی، ب.ن.چ، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، ٢٠٠٢.
٦.عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، هەولێر،چاپخانەی حاجی هاشم، چ١، ٢٠٠٣.
٧.عومەر نورەدینی، سەرخەری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، ب.ن.چ، هەولێر، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٥.
٨. عەبدوڵلا غەفوور، سنوری کوردستان، چ٣ ، هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦.
٩.کارزان عومەر، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سلێمانی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) چاپی یەکە، ٢٠٠٧.
١٠. کاوە نادر قادر، ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا، سلێمانی، ڕووناکبیری (ی. ن. ك)، ٢٠٠٨.
١١. کۆمەڵێك نووسەر، ناپەسەندەکان، و/ ئازاد مەولود، ب.ن.چ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.
١٢. مارف عمر گوڵ(دکتۆر)، کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، چ٢، سلێمانی، دەزگای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٥.
١٣. مراد خۆشەڤی حسۆ، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق، پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق:١٩٩٠ ـ ٢٠٠٥، و: نوسەر، هەولێر، دەزگای ئاراس،٢٠١٣.
١٤. هاوڕێ باخەوان، کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – کۆمەڵایەتی – ڕامیاری، ، ب.ن.چ، سلێمانی، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، ٢٠٠١.

**ب. کتێبی عەرەبی:**

١. عبدالفتاح عبدالرزاق، مبدأ عدم التدخل وفي القانون الدولي عـام دراسـة تحليليـة، هەولێـر، دەزگای موکریان، چ١، ٢٠٠٢.

**ج. ماستەرنامە:**

١. هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم، پەیوەندیە سیاسییەکانی نیوان هەرێمی کوردستان و تورکیـا ١٩٩١-١٩٩٨، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، (ماستەر نامە).

**دووەم/ چاوپێکەوتنەکان:**

١. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (د.ئامانج احمد مستەفا دلزار)، (٢٠٢٣/٣/٢٨)، مامۆستای زانکۆ، سۆران.
٢. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (د.ڕەفیق سابیر)، نوسەر و ڕۆشنبیر، سلێمانی، ١٤/١٢/ ٢٠٠٧.
٣. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (د.کەمال علی)، ٢/٢/ ٢٠٠٨، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.
٤. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (د.یاسین سەردەشتی)، ١٣/٢/ ٢٠٠٨، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.
٥. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (سەلام عەبدولا)، بەرپرسی لقی ٤ سلێمانی پ.د.ك، سلێمانی، ١٢/١١/ ٢٠٠٧.
٦. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (شێخ جەعفەر شێخ مصطفی)، ٢٧/١/ ٢٠٠٨. وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سلێمانی.
٧. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (صوبحی مەهدی)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان-عێراق، سلێمانی، ٣١/١/ ٢٠٠٨.
٨. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (کامیل محمود)، ٢٦/١٠/ ٢٠٠٧، ڕۆژنامە نووس، هەڵەبجەی شەهید.
٩. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (عەبدولکەریم فتاح)، ٢٥/١٢/ ٢٠٠٧، هاوڵاتی، سیدصادق.
١٠. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (محمود سەنگاوی)، ٢٠٠٨/٤/٢١، نوێنەری مام جلال بۆ هێزەکانی ٧٠ ی.ن.ك، سلێمانی.
١١. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (ئازاد جوندیانی)، ٦/١١/ ٢٠٠٧، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی ی.ن.ك، سلێمانی.
١٢. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (ئاسۆ جەبار)، ٥/٣/ ٢٠٠٨، نوسەر و ڕۆشنبیر، سلێمانی.
١٣. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (بەهمەن حسێن)، ٢٠٠٨/١/٢٨، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سلێمانی.
١٤. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (حاکم ڕزگار)، ٢٠٠٨/١/٨، دادوەر، سلێمانی.
١٥. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (د.پشکۆ حمەتاهیر ئاغجەلەری)، (٣/٢/ ٢٠٢٢)، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.

١٦. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (د.دلێر ئەحمەد)، ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٦.
١٧. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (شوان کەریم کابان)، ٢٠٠٧/١١/٢٧، ڕاگەیاندن کار، سلێمانی.
١٨. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ(محەمەد مەلا قادر)، ٢٠٠٧/١١/١٧، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پ.د.ك، سەلاحەدین.
١٩. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، ٢٠٠٧/١١/٧،سیاسەتمەدار، سلێمانی.
٢٠. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (هەڤاڵ ئەبوبەکر)، ٢٠٠٧/١١/٣، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.
٢١. چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ (ئەرکان ڕەشید)، ٢٠٠٧/١١/٢٥، هاوڵاتی، سەیدصادق.
٢٢. چاوپێکەوتنی توێژەران، لەگەڵ (د.سامان حسێن احمد)، (٢/٢/ ٢٠٢٢) مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.

**سێیەم/ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

**أ. گۆڤارەکان:**

١. خەلیل عەبدوڵڵا، کێشەی کورد لەبەر ڕۆشنایی پەیمانی سیڤەرو بڕیاری دا، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ (١٣)، کانونی یەکەمی ١٩٩٨.
٢. عەبدوڵا خورشید عەبدوڵا، دیاردەی کۆچ کردن لەڕوانگەیەکی سۆسیۆ مێژوویەوە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٦)، حوزەیرانی ١٩٩٨.

**ب. ڕۆژنامەکان:**

١. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٦).
٢. ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٢٨١١).
٣. ڕۆژنامەی کوردستان نوێ، ژ (٢١١).
٤. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٣٦١).
٥. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٢٥٥)، ١٩٩٦/٤/٥.
٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢١١٢).
٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢١١٢).
٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٥).
٩. ڕۆژنامەی هەواڵ، ژ (١٧٢)، ٢٠٠٦/٣/١١.
١٠. ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٢٧٣)، ٢٠٠٨/٤/٥.
١١. ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژ(٨٩).

**ت. ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان:**


1. Remembering the Kurdish uprising of 1991//https://www.bbc.com/news/in-pictures-35967389.
2. The Gulf War: Moscow's role// https://edition.cnn.com/2001/WORLD/europe/01/16/russia.iraq/index.html.
3. The Kurdish Crisis and Allied Intervention in the Aftermath of the Second Gulf War // https://www.google.com/search?rlz=1C1CHBF_enIQ972IQ972&q=arab+countries+attitude+related+kurdish+exodus+1991&spell=1&sa=X&ved=2ahUKEwiW8-K93_L9AhV7QvEDHfjFCg0QBSgAegQICBAB&biw=1038&bih=573&dpr=1.5.
4. Jennifer Carlile: Kurds wary of U.S. promises// https://www.nbcnews.com/id/wbna3340581.
5. [1]A Study Guide to the Work of Bernard Kouchner// https://www.carnegiecouncil.org/media/series/morgenthau/morgenthau-lectures-1981-2006-the-changing-role-of-humanitarianism-a-study-guide-to-the-work-of-bernard-kouchner.
6. The exodus begins// https://www.theguardian.com/world/2003/mar/18/iraq1.
7. The exodus begins //ttps://www.theguardian.com/world/2003/mar/18/iraq1.